
## چاپکراوی نوێ

رۆمانی (کوێرەی چاوساغ) سابیر رەشیدی چیرۆکنووس و رۆماننووس و رەخنەگر نووسیویەتی، لەم ماوەیەدا چاپی یەکەمی لە قەوارەی مامناوەندی (١١٢) لاپەڕە بڵاوکرایەوە، رۆمانەکە لە چاپخانەی تاران چاپکراوە، ئەم رۆمانە بە شێوەیەکی هونەری تەکنیکی نوێ نووسراوە کە دەتوانێ هونەری (میتارۆمان) و (رۆمان لەناو رۆمان) لەخۆبگرێت، گێڕانەوەکە بازنەییە، لە شوێنێکی بەردەم هوتێل سندباد کە دەکەوێتە ژێر قەڵاتی هەولێر دەست پێدەکات و هەر لەوێش کۆتایی دێت، ئەنجامەکەشی داوەتە خوێنەر تا بەشدار بێت لە دانانی کۆتایی رۆمانەکە، رۆمانەکە باسی پێشمەرگەیەك دەکات هەر لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دواتر تا کۆتایی شۆڕشی کورد هەر لە خەباتدا بووە. دواجار رۆمانەکە پڕە لە کارەساتی تراژیدیی مرۆڤی کورد. وێڕای پیرۆزبایی لە نووسەری (کوێرەی چاوساغ)، هیواخوازین کاروانی دەوڵەمەندی کتێبخانەی کوردی هەر پڕ بەرهەم بێت.




پرۆفیسۆر .د. هۆگر مەحموود:



**ریفراندۆم هەنگاوێکی مێژووییە و دیکۆمێنتێکە هەر دەمێنێت، ئەو لایەنە سیاسییانەشی پەشیمان بوونەوە، مێژوو بە دیوە خراپەکەیدا هەڵوێستیان بۆ تۆمار دەکات**

د.عەرەفات کەرەم ستونی



**پرۆسەی سیاسی دوای هەڵبژاردنی ٢٠١٨ی پەرلەمانی عێراق**

نیعمەت عەبدوڵا:



**ئەگەر یەکریز نەبین بەغدا حیسابمان بۆ ناکات**

ئەریک داڤیس:



**دەبێت خەڵکی عێراق خۆیان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن**





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**ڕۆشنە عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆک

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulan-media.com*

» دكتۆر ئەحمەد سەفار:



**ئەركی ئێمە لە بەغدا جیاوازەو دەبێت بە یەكگرتوویی هەوڵی بەدەستهێنانی شایستە داراییەكانی خەڵكی كوردستان بدەین**

» جوان ئەحمەد بەدرخان:

**نەبەردی پێشمەرگە وایكردووە لە ئەوروپا خواست لەسەر جلوبەرگی كوردی زۆر بێت**



**» خانمانی دەسترەنگینی هەڵەبجە بەكاری دەستی قووتی خێزانی خۆیان دابین دەكەن**



» ئالا سەعد:

**خۆزگە دەخوازم رۆژێک لە رۆژان فێرگەیەكی تۆپی بالە بكەمەوە**



**» خۆپاراستن لە نەخۆشیی شەكرە لەكاتی دووگیانیدا**



**» بەهێزترین كۆمپیوتەری مەزن لە جیهاندا بەرهەم هات**



# ئەنجامدەرانی خیانەتی سیاسیی ٦ی حوزەیران و خیانەتی سەربازیی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ئاستی شکۆی پێشمەرگەدا شەرمەزارن



# گێڕانەوەی دەنگەکانی دەنگدانی تایبەت داستانێکی پێشمەرگانەی پارتی بوو لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا



**ڕووداوی هەردوو خیانەتی سەربازیی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و خیانەتی سیاسیی ٦ی ٢٠١٨، دوو وێستگەی گرنگی تاقیکردنەوەی ئیرادەی نیشتمانیی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بووە، کە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان سەربەرزانە لەو دوو تاقیکردنەوە گەورە نیشتمانییە سەرکەوتوو بوو**

**چەند کەناڵێکی ئاسمانیی حزبەکانی دیکەی کوردستان وەک کەناڵەکانی (کوردسات و گەلی کوردستان)ی زمانحاڵی یەکێتی، (ئێن ئارتی) زمانحاڵی شاسواری بەرەی نەخێر بۆ ریفراندۆم، (پەیام) زمانحاڵی کۆمەڵی ئیسلامی، (کەی ئێن ئەی) زمانحاڵی بزووتنەوەی گۆڕان، لەبەرەی شەڕی پردێوە و لە قوڵی میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە رووماڵی شەڕەکەیان بۆ بەرژەوەندیی دوژمن دەکرد و ورەی خەڵکی کوردستانیان دەڕووخاند**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە کردنەوەی هەموو داوەکانی تۆڕی خیانەتی سیاسی بۆ ڕێگرتن لە هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵوەشانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بوو**

لە ماوەی کەمتر لە هەشت مانگدا دوو خیانەتی گەورە بە هەر دوو شێوازی (سەربازی و سیاسی) لە هێزی پێشمەرگە و تەواوی خەڵکی کوردستان کرا، ئەو دوو خیانەتەش بریتی بوون لە (خیانەتی سەربازیی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و خیانەتی سیاسیی ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٨ لەناو پەرلەمانی عێراقدا)، ئامانج لەم دوو خیانەتەش لەگەڵ ئەوەی خیانەت بوو لە خاك و خەڵکی کوردستان، بەڵام لە بنەڕەتدا بە حیسابی کاڵفامیی ئەوانەی بەشداریی هەردوو خیانەتی (سەربازی و سیاسی) یەکەیان کردبوو، بۆ لاوازکردنی پێگەو شکۆی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەوجا ئەگەر لە ئاکامی ئەم رق و بوغز و کینەیەی بەرامبەر پارتی هەیانە، هەموو هەرێمی کوردستانیش پێکەوە بسووتێت و شتێك نەمێنێتەوە بە ناوی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە! ئەوجا چۆن تاقمی خیانەتی سەربازیی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەلایانەوە گرنگ نەبوو کوردستان داگیربکرێتەوە، بەهەمان شێوە تاقمی خیانەتی سیاسیی ٦ی حوزەیرانیش کە دەنگیان بە هەڵوەشانەوەی دەنگی پێشمەرگە و دەنگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان دابوو، ئەوانیش هیچیان بەلاوە گرنگ نەبوو.

دیارە ڕووداوی هەردوو خیانەتی سەربازیی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و خیانەتی سیاسیی ٦ی حوزەیران، دوو وێستگەی گرنگی تاقیکردنەوەی ئیرادەی نیشتمانیی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بووە، کە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان سەربەرزانە لەو دوو تاقیکردنەوە گەورە نیشتمانییە سەرکەوتوو بوو، بە تەنیا لەدوای کارەساتی خیانەتی سەربازیی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە بەرەکانی شەڕ مایەوە و نەیهێشت هەرێمی کوردستان لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبی داگیربکرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە دوای ئەو خیانەتە سەربازییەی لە پێشمەرگە کرا، بە ئاستێك غروور بوون، کە میلیشیایەکی حەشدی شەعبی بە ناوی (حەسەن پلایس) لە ناو بینایەی داگیرکراوی پارێزگای کەرکووکەوە و بە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە سووکایەتی بە ئیرادەی پێشمەرگە و تەواوی خەڵکی کوردستان دەکرد، هەروەها فەرماندەیەکی دیکەی ئەو میلیشیایەی حەشدی شەعبی بە ناوی (قەیس غەزەعەلی)، بەئاشکرا لە میدیاکانەوە رایدەگەیاند کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە ئاسانی دەتوانن هەولێر و هەموو کوردستان داگیربکەنەوە، ئەوجا هاوشانی ئەم غرووربیەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، لە هەمانکاتدا چەند کەناڵێکی ئاسمانیی حزبەکانی دیکەی کوردستان وەك کەناڵەکانی (کوردسات و گەلی کوردستان)ی زمانحاڵی یەکێتی، (ئێن ئارتی) زمانحاڵی شاسواری بەرەی نەخێر بۆ ریفراندۆم، (پەیام) زمانحاڵی کۆمەڵی ئیسلامی، (کەی ئێن ئەی) زمانحاڵی بزووتنەوەی گۆڕان، لەبەرەی شەڕی پردێوە و لە قوڵی میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە رووماڵی شەڕەکەیان بۆ بەرژەوەندیی دوژمن دەکرد و ورەی خەڵکی کوردستانیان دەڕووخاند، بەوەی حەشدی شەعبی گەیشتۆتە دەوروبەری هەولێر و خەڵکی هەولێر ئاوارە بوون، بەڵام کاتێك بە ڕێبەرایەتیی پارتی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك چیا لە بەردەمیان راوەستا و داستانەکانی (پردێ و مەخموور و سحێلا و مەحموودیە)ی تۆمار کرد و دەیان ئەبرامز و هامڤی و هامەریان تێکشکاند و بە سەدان لاشەی پێ بەجێهێشتن، بارودۆخەکە بە شێوەیەکی هێجگار گەورە وەرچەرخا و ئامانجەکانی خیانەتی سەربازیی ١٦ی ئۆکتۆبەر پووچەڵ کرایەوە.

دوای پووچەڵکردنەوەی ئامانجی ئەو خیانەتە سەربازییە گەورەیە، هاوکات هەر لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، خیانەتی سیاسی لەلایەن (تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر لەناو یەکێتی نیشتمانی، بزووتنەوەی گۆڕان، هاوپەیمانییەکەی د.بەرهەم، کۆمەڵی ئیسلامی و گرووپەکەی شاسوار)ەوە دەستی پێکرا و، ئەمجارەیان بە ئاشکرا و بەبێ هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی نیشتمانی و مێژوویی داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکرد و داوایان لە حکومەتی بەغدا دەکرد، شەرعییەتی دەستووریی هەرێمی کوردستان پێشێل بکات و بە جیا مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکانی کوردستان بکات، وەك هەر پارێزگایەکی دیکەی عێراق، بە کردەییش (بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی) سەرەتا لە حکومەت کشانەوە، دوای مانگێك (یەکگرتووی ئیسلامی)یش لە حکومەت کشایەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش کە بە حیساب شەریکی سەرەکی بوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەوانیش نەیانتوانی وەك پێویست پشتگیری لە مانەوەی حکومەتی هەرێمی

کوردستان بکەن، راستە جیگری سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانیان لە کاری خۆیان لە ناو حکومەتدا بەردەوام بوون، بەڵام زیاتر وەك تەکنۆکرات کاریان دەکرد و پشتیوانیی حزبەکەیان لەگەڵدا نەبووە، هەر بۆیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو خیانەتە سیاسیەش کە ئامانجی هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، دیسان پارتی بە تەنیا مایەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە کردنەوەی هەموو داوەکانی تۆڕی خیانەتی سیاسی بۆ رێگرتن لە هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵوەشانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بوو، لەسەر ئاستی ناوخۆ لەگەڵ ئەوەی بەرەی خیانەتی سیاسی لە سنووری هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، رۆژانە لە ناو شاری سلێمانی و هەڵەبجە و تەواوی ناوچەکانی گەرمیان و راپەڕین، خەڵکیان هان دەدا بە ناوی داواکردنی مووچەوە داوای گەڕانەوەی حکومەتی بەغدایان دەکرد و دروشمیان بۆ حەیدەر عەبادی بەرز دەکردەوە، هەوڵیاندەدا بە ناوی خۆپیشاندانەوە بارەگای حزبەکان بەگشتی و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بسووتێنن، بۆ ئەوەی پاشەگەردانی ئەمنی دروست بێت و بیانوویەك بۆ بەغدا دروست بێت، هەتا کوردستان داگیر بکاتەوە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو توانا و ئیمکانییەتی کردە پشتیوانی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و توانی ئیدارەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە بکات و رێگە لە پاشاگەردانیی ئەمنی لە کوردستاندا بگرێت، لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی پەیوەندییەکانی خۆی رێکبخاتەوە و گوشارێکیشی لەسەر حکومەتی عێراق دروست کرد و توانی گەمارۆی ئاسمانی لەسەر هەرێمی کوردستان هەڵبگرێت و جارێکی دیکە فڕۆکەخانەکان بکرێنەوە و لەسەر ئاستی مووچەی فەرمانبەرانیش حکومەتی هەرێمی بە شێوەیەك لەگەڵ بەغدا رێککەوتووە کە هەتا بەتەواوەتی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر دەکرێن، بەغدا مانگانە برێك پارە رەوانەی هەولێر بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ داهاتەکانی هەرێم مووچەی فەرمانبەرانی پێ دابین بکرێت، بەمەش توانرا تا رادەیەکی زۆر پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران کەم بکرێتەوە و جۆرێك لە خۆشگوزەرانی و جووڵەی بازاڕ دەست پێبکاتەوە. بەڵام دیسان ئەو حزبانەی کە سەرقاڵی چنینی تۆڕی خیانەتێکی دیکەی سیاسی بوون، هەوڵیاندا لە کۆتایی مانگی ئادار و لەو کاتەی حکومەت لە هەوڵی کەمکردنەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران بوو، ئاژاوەیەکی دیکە لە کوردستان بە گشتی و لەناو هەولێری پایتەخت دروست بکەن، بەڵام لەمەشدا سەرکەوتوو نەبوون، حکومەتی کوردستان توانی بارودۆخەکە رابگرێت و مووچەی فەرمانبەرانیش لەکاتی خۆیدا بدات.

## ● هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەوڵی حزبەکان بۆ رووخاندنی حکومەتی هەرێم

لەگەڵ ئەوەی هاوکات لەگەڵ خیانەتی سەربازیی ١٦ی ئۆکتۆبەر، بەشێك لە حزبەکانی کوردستان وەك (بزووتنەوەی گۆڕان، هاوپەیمانییەکەی بەرهەم ساڵح، نەوەی نوێیەکەی شاسوار و کۆمەڵی ئیسلامی و باڵی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر لەناو یەکێتیدا) لەهەوڵی بەردەوامدا بوون، بۆ چنینی خیانەتێکی سیاسی بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە لە سەرەتای مانگی نیسانەوە، لەبری ئەوەی ئەم حزبانە ئاراستەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیان داکۆکیکردن بێت لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان و پەیامەکانیان ئاراستەی دەوڵەتی عێراق بکەن، بەڵام بەناو هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە بە شێوەیەك هێرشیان دەکردە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك ئەوە وابوو کە ئەم هەڵمەتە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، نەك پەرلەمانی عێراق.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراقیشدا بەتەنیا مایەوە و تەنیا لایەن بوو کە ئاراستەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی داکۆکیکردن بوو لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان لە دەستووری عێراق و داکۆکی لە شکۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرد.

لەناو ئەم هاوکێشەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دروستی کردبوو، ئەو حزبانە بە جۆرێك تووشی غرووری و نەخۆشی شێتی خۆبەگەورە زانین (جنون العظمة) بوون کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، لەدوای ئەم هەڵبژاردنە هەموو ئەو خەڵکانە دادگایی دەکەن کە لە ریفراندۆم دەنگیان بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان» داوە، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، دوای ئەم هەڵبژاردنە هەموو کابینەی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستگیر

**پارتی لەگەڵ ئەوەی لە سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە غەدرێکی گەورەی لێکرابوو، نزیکەی ٥٠ هەزار دەنگی ون بوو، لەگەڵ ئەوەی لە پارێزگای نەینەوا دەنگی کوردانی ئێزیدی سووتێنران و ئەنفال کران، لەگەڵ ئەوەی لە پارێزگای کەرکووک بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کردبوو، بەڵام لە کۆی ٦٠ کورسی کوردستان، پارتی بە تەنیا ٢٥ کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەدەست هێنا**

**پارتی ناچار بوو بە تەنیا بەشداری بکات، بۆ ئەوەی پرۆسەی نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسی و پەرلەمانی عێراقدا نەکەوێتە دەست ئەو کەسانەی کە هیچ باکیان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان نییە و وەک لە ٦ی حوزەیرانیشدا بینیمان، زۆر بێشەرمانە بوونە فاکتەر و هۆکاری بڕیار لەسەر هەڵوەشانەوەی دەنگی پێشمەرگە و ویستیان دەنگدانی تایبەت هەڵبوەشێنەوە**

**هەندێک لە هەڵسووڕاوەکانی گۆڕان هێندە سەرمەستی خیانەت بوون، زۆر بەئاشکرا دەیانگوت و دەیانووسی: «نەک هەر دەبێ دەنگی پێشمەرگە هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو دەبێت خودی پێشمەرگەش هەڵبوەشێتەوە»**

**ئەم هەڵوێستەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بەرزڕاگرتنی دەنگی پێشمەرگە و دەنگدانی تایبەتی خەڵکی کوردستان، لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە پارتی مەبەستی ئەوە بوو چەند کورسییەک کەم نەکات، بەپێچەوانەوە پارتی ئەگەر بایەخی بە کورسی بدایە، ئەوا هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووکی بایکۆتی نەدەکرد**

**سەرچاوەی ئەم هەڵوێستەی پارتی لەسەر دەنگی پێشمەرگە و دەنگدانی تایبەتی خەڵکی کوردستان، داکۆیکردنێکی مەعنەوییانە لە شکۆی هەموو خەڵکی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی ئەو تێڕوانینە شۆڤێنییانەی ئەو عەرەبە سوننە و شیعەیانە بوو، کە چاویان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەقامگیریی کوردستاندا هەڵنایەت**

**لایەنە دۆڕاوەکان ئەمجارەش پەنایان بۆ پەرلەمانی عێراق بردو لەگەڵ لایەنە دۆڕاوەکانی عەرەبی شیعە و سوننە لە دژی دەنگەکانی خەڵکی کوردستان بوون بە هاوپەیمان و لە پێناوی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی، خۆیان لە هەموو ئاکارێکی نیشتمانی و نەتەوەیی داماڵی**

دەکەن و دادگاییان دەکەن، هەروەها خەونیان بەوەوە دەبینی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکە دەدۆڕێت و ئیدی خۆیان دەبنە کوێخا و دەمڕاستی خەڵکی کوردستان، بەڵام خەڵکی کوردستان لە سەر سندوقەکانی دەنگدان لە هەموو جارێك زیاتر متمانەی خۆی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دایەوە، هەر بۆیە لەگەڵ کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان و دەرکەوتنی شکستە گەورەکەیان، دەستیان کرد بە جەولەیەکی دیکەی پشێوی نانەوە، بۆ ئەوەی بتوانن گورزێکی دیکە لە هەرێمی کوردستان بدەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە غەدرێکی گەورەی لێکرابوو، نزیکەی ٥٠ هەزار دەنگی ون بوو، لەگەڵ ئەوەی لە پارێزگای نەینەوا دەنگی کوردانی ئێزیدی سووتێنران و ئەنفال کران، لەگەڵ ئەوەی لە پارێزگای کەرکووك بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کردبوو، بەڵام لە کۆی ٦٠ کورسی کوردستان، پارتی بە تەنیا ٢٥ کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەدەست هێنا، ئەوجا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنە ساختەکاری نەکردووە، هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاکامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن، پارتی ڕایگەیاند کە ئامادەیە دەنگی هەموو بنکەکانی هەڵبژاردن لە کوردستاندا (لە زاخۆوە تا خانەقین) هەمووی بە دەست هەژمار بکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لایەنە دۆڕاوەکان ئەمجارەش پەنایان بۆ پەرلەمانی عێراق بردو لەگەڵ لایەنە دۆڕاوەکانی عەرەبی شیعە و سوننە لە دژی دەنگەکانی خەڵکی کوردستان بوون بە هاوپەیمان و لە پێناوی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی، خۆیان لە هەموو ئاکارێکی نیشتمانی و نەتەوەیی داماڵی و دەنگیان بە ڕەتکردنەوەی دەنگدانی پێشمەرگە و ڕەتکردنەوەی دەنگدانی تایبەتی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام چاوی خۆیان لە ئاستی ئەو هەموو ساختەکارییە گەورەیە داخست کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ١٥ پارێزگاکەی دیکەی عێراق ئەنجامیان دابوو، لەمەش بێ شەرمانەتر وەك ئەوەی ئیدی هەموو شتێك تەواو بووبێت و پیلانەکەیان دژی دەنگی پێشمەرگە و دەنگدانی تایبەت سەری گرتبێت، هەندێك لە هەڵسووڕاوەکانی گۆڕان هێندە سەرمەستی خیانەت بوون، زۆر بەئاشکرا دەیانگوت و دەیانووسی: «نەك هەر دەبێ دەنگی پێشمەرگە هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو دەبێت خودی پێشمەرگەش هەڵبوەشێتەوە»! ئەم قسانەی ئەو خۆفرۆشانە لە دژی پێشمەرگە دەیانکرد، بڕواناکەم هەتا ئێستاش لە عێراقدا هیچ فەرماندەیەکی داخ لەدڵی حەشدی بتوانێت ئەو قسانە بەرامبەر پێشمەرگە بکات.

لێرەدا ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە، کە ئەگەر پەرلەمانتارانی ئەو حزبە بەناو کوردستانییانە لە ڕۆژی ٦ی حوزەیران دەنگیان بە ڕەتکردنەوە، یان هەڵوەشانەوەی دەنگی پێشمەرگە و دەنگدانی تایبەتی هەرێمی کوردستان نەدابایە، ئەوا پەرلەمانی عێراق نەیدەتوانی دەنگ لەسەر ئەو یاسایە بدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی نیسابی یاسایی ئەو دانیشتنەی پەرلەمان گومانی لەسەرە، لە هەمانکاتدا ئەگەر بەشێك لە پەرلەمانتارانی ئەو حزبانە بەشدارییان نەکردایە، ئەوا بە ئاشکرا نیساب تەواو نەدەبوو، نەشدەتوانرا ئەو بڕیارە دوژمنکارانەیە دژی هەرێمی کوردستان و شکۆی پێشمەرگەی کوردستان بدرێت، هەر بۆیە ئەگەر عەرەبی شوڤێنی (بە شیعە و سوننەوە) بە مەبەست و بۆ شکاندنی شکۆی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان پێداگرییان لەسەر ئەو بڕگانەی ناو یاساکە کردبێت، بەڵام ئەگەر یەك تۆزقاڵ هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لای پەرلەمانتارانی ئەو حزبە سیاسییە بەناو کوردستانییانە هەبوایە، ئەوا یاساکەی پەرلەمانی عێراق تێنەدەپەڕی، بۆیە نیگەرانیی گەورە ئەوەیە کە بە هاوکاری و دەستی چەند لایەنێکی بەناو کوردستانی ئەو غەدرە گەورەیە لە دژی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان ئەنجامدرا.

بۆ تانەلێدان لە یاساکەی پەرلەمانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا لایەنی کوردستانی بوو کە لەسەر ئاستی سیاسی بە فەرمی یاساکەی پەرلەمانی عێراقی ڕەتکردەوە و لەسەر ئاستی یاساییش تانەی خۆی دایە دادگای فیدراڵیی عێراق، ئەوە بوو لە ڕۆژی پێنج شەمە ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٨ دادگای فیدراڵی رای خۆی لەسەر تانەکانی سەر ئەو یاسایە ڕاگەیاند و، پرۆسەی هەڵوەشانەوەی دەنگدانی تایبەتی هەرێمی کوردستانی هەڵوەشاندەوە.

ئەم هەڵوێستەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بەرزڕاگرتنی دەنگی پێشمەرگە و دەنگدانی تایبەتی خەڵکی کوردستان، لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە پارتی مەبەستی ئەوە



بوو چەند کورسییەك کەم نەکات، بەپێچەوانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەر بایەخی بە کورسی بدایە، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووك بایکۆتی نەدەکرد، بۆیە سەرچاوەی ئەم هەڵوێستەی پارتی لەسەر دەنگی پێشمەرگە و دەنگدانی تایبەتی خەڵکی کوردستان، داکۆکیکردنێکی مەعنەوییانە لە شکۆی هەموو خەڵکی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی ئەو تێڕوانینە شۆڤێنییانەی ئەو عەرەبە سوننە و شیعەیانە بوو، کە چاویان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەقامگیریی کوردستاندا هەڵنایەت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر دادگای فیدراڵیی عێراق، پرۆسەی هەڵوەشانەوەی دەنگدانی پێشمەرگە و دەنگدانی تایبەتی هەرێمی کوردستانی ڕەتنەکردایەتەوە، ئایا پارتی هیچ هەڵوێستێکی دیکەی نەدەبوو؟ بێگومان پارتی هەر لە شەوی ٦ی حوزەیرانەوە هەڵوێستی سیاسیی خۆی لە بەرامبەر هەڵوەشانەوەی دەنگی پێشمەرگە و دەنگدانی تایبەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە و ئەو یاسای ڕەتکردۆتەوە، بۆیە هەتا ئەگەر دادگای فیدراڵیش تانەکەی پارتی قبووڵ نەکردایە و یاساکە بەو جۆرە بڕۆیشتایە کە دەنگدانی پێشمەرگە و تایبەت هەڵبوەشێتەوە و حیساب نەکرێت، ئەوا پارتی هەڵوێستی خۆی بە فەرمی سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەستنیشان دەکرد و بایکۆتی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەکرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداریکردنی لایەنی کوردستانی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراقدا، لە سەرەتادا بۆچوونی بەوجۆرە بوو کە هەموو لایەنە کوردستانییەکان پێکەوە و وەك پیشاندانی نارەزایییەك بەرامبەر ئەو ڕەفتارە نادەستوورییانەی حکومەتی عێراق دژی کوردستان ئەنجامیداوە، بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەو ئامادەباشییەیان تێدا نەبوو، کە ئەو کارە بکەن، پارتی ناچار بوو بە تەنیا بەشداری بکات، بۆ ئەوەی پرۆسەی نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسی و پەرلەمانی عێراقدا نەکەوێتە دەست ئەو کەسانەی کە هیچ باکیان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان نییە و وەك لە ٦ی حوزەیرانیشدا بینیمان، زۆر بێشەرمانە بوونە فاکتەر و هۆکاری بڕیار لەسەر هەڵوەشانەوەی دەنگی پێشمەرگە و ویستیان دەنگدانی تایبەت هەڵبوەشێتەوە.

**ئەوانەی دەنگیان بە ڕەتکردنەوەی دەنگدانی پێشمەرگە و ڕەتکردنەوەی دەنگدانی تایبەتی هەرێمی کوردستان دا، چاوی خۆیان لە ئاستی ئەو هەموو ساختەکارییە گەورەیە داخست کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ١٥ پارێزگاکەی دیکەی عێراق ئەنجامیان دابوو**

موحسین سەعدون گەرگەری
سەرۆكی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق:

# دادگای فیدراڵیی عێراق تانەكەی پارتی قبووڵ كرد و هەڵوەشاندنەوەی دەنگدانی پێشمەرگەی ڕەتكردەوە

*** تا چەند گەڕانەوەی دەنگی پێشمەرگە بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان و بۆ هەرێمی كوردستان گرنگ بوو؟**

- دادگای فیدراڵی سەیری سێ تانەی كرد كە لەلایەن سێ لایەنەوە پێشكەش كرابوو، تانەیەك لەلایەن سەرۆكی كۆمارو تانەیەكیش لەلایەن كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان و تانەی سێیەمیش لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردستانەوە پێشكەش كرابوو، دەربارەی دەنگدانی تایبەت كە پەیوەست بوو بە هێزەكانی پێشمەرگە، دوای ئەوەی دادگای فیدراڵی وردبینی بۆ ئەو تانانە ئەنجامدا، تانەكەی سەرۆك كۆمار و كۆمسیۆنی ڕەتكردەوە و لەبەرچاوی نەگرت، تەنیا تانەكەی پارتی دیموكراتی كوردستانی بەهەند هەڵگرت و دادگاكە بڕیاری دا كە نابێت دەنگدانی تایبەت و ئاوارەكان و دەنگدانی دەرەوە هەڵبوەشێندرێتەوە، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەنگانەی لەلایەن پەرلەمان بەوە لێكدایەوە كە پێچەوانەی دەستوورە، واتا پێچەوانەی ماددەی (١٤)و (٢٠)ی دەستوورە، كە نابێ ئەو دەنگانە بەهەدەربچن و هەڵبوەشێندرێنەوە، بۆیە دادگای فیدراڵی بڕیاری دا كە دەنگدانی تایبەتی پێشمەرگە تەواو و ڕاستە، دەكەوێتە ژێر میكانیزمی ژماردن و جیاكردنەوەی دەنگەكان كە هەموو عێراق دەگرێتەوە، بەڵام دەنگدانی پێشمەرگە مافی ڕەوای خۆیانە لەو هەڵبژاردنەی كە بۆ پەرلەمانی عێراق ئەنجامدرا.ئەم بڕیارە سەركەوتنێكی بەرچاو و گەورە بوو بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان كە ئەو تانەیەی پێشكەش بە دادگای فیدراڵی كردبوو، كە داوای كردبوو ئەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراق هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوەش گرنگ بوو بۆ ئەوەی كە دەنگەكانی پێشمەرگە ساختەكاری تێدا نەكرابوو، لەبەر ئەوە زۆر گرنگ بوو، تەنانەت سەرۆك مسعود بارزانی كاتێ باڵیۆزی ئەمریكای بینی، پەیامێكی بۆ ئەمریكییەكان ناردو ڕایگەیاند «هەموو ڕێكارەكانی كۆمسیۆن، یان هیدیكە بۆ من گرنگ نین، ئەوەی گرنگە بەلای منەوە ئەوەیە كە دەنگی پێشمەرگە بەهەدەر نەچێت، چونكە ئەوان بەرگرییان لە عێراق و لە كوردستان كردووە، قبووڵیش ناكەم دەنگی خێوەتگاكانی ئێزیدی بفەوتێت.» بۆیە دادگای فیدراڵی بڕیاری دا كە ئەم دەنگانە دەمێننەوەو هەڵناوەشێندرێنەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا.

**سەرۆك بارزانی كاتێ باڵیۆزی ئەمریكای بینی، پەیامێكی بۆ ئەمریكییەكان ناردو ڕایگەیاند وگوتی ئەوەی گرنگە بەلای منەوە ئەوەیە كە دەنگی پێشمەرگە بەهەدەر نەچێت، چونكە ئەوان بەرگرییان لە عێراق و لە كوردستان كردووە، قبووڵیش ناكەم دەنگی خێوەتگاكانی ئێزیدی بفەوتێت**

*** بۆچی پەرلەمانی عێراق دەنگی پێشمەرگەی هەڵوەشاندەوە؟ ئایا لایەنە سیاسییەكانی كوردستان تا چەند هۆكاری ئەم كارە بوون؟**

- هۆكارەكەی ئەوە بوو ئێمە وەك فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان بایكۆتی دانیشتنەكەی پەرلەمانمان كردبوو، كاتێ دەنگیان لەسەر ئەم یاسایانە دا، زۆر بەداخەوە حزبە ناڕازییەكانی كورد لە بەغدا بوون و هانی پەرلەمانیان دا بۆ دۆزینەوەی ئەو بڕگەیەی تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی دەنگی پێشمەرگە، كە دەبووایە ئەمەیان قبووڵ نەكردایە، چونكە دەنگی پێشمەرگە بۆ هەمووان گرنگە، بۆیە پەرلەمان بە گوێی بیروبۆچوونی ئەو حزبانەی كرد كە لە هەڵبژاردنەكاندا دۆڕاو بوون، ئەو بڕگەیەیان زیادكرد كە بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی دەنگی پێشمەرگە.

*** وەكو ئاماژەت پێدا، لەناو هەموو لایەنەكان تەنیا پارتی لەسەر دەنگی پێشمەرگە بەدەنگ هات، ئەمە چ سەروەرییەك بۆ پێشمەرگەو پارتی**



**ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٨ دادگای فیدراڵی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو تانانە ڕاگەیاند کە لەسەر یاسایەکی پەرلەمانی عێراق درابوون، سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی دەنگدانی تایبەت و دەنگی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان تانەی لە یاساکە دا، دادگای تانەکەی قبووڵ کرد و هەڵوەشانەوەی دەنگدانی تایبەت و پێشمەرگەی ڕەتکردەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ موحسین سەعدون گەرگەری- سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**دیموکراتی کوردستان تۆماردەکات؟**

- لەگەڵ ڕێزو پێزانینماندا بۆ هەموو نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز لە کوردستان، بەڵام هۆکارەکەی ئەوەیە کە لایەنی داکۆکیکار لە ماف و کەرامەت و ورەی پێشمەرگە پارتی دیموکراتی کوردستانە، هیچ کەموکوڕییەکیش بۆ ئەو هێزە قبووڵ ناکات، کە زیاتر لە ١٧٠٠ شەهیدی دا لە شەڕی بەرگریی دژی داعش، بۆیە ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستانی عێراق.

*** ئاماژەت بە دەنگی کوردانی ئێزیدی کرد، لە موسڵ دەنگێکی زۆری ئەوان فەوتاوەو لەدەستدراوە و حسێب نەکراوە، ئایا ئەم جارە ئەگەر بەدەست بژمێردرێت، ئەو دەنگانە کە پێشتر حسێب نەکراون، دەچنە سەر دەنگەکان؟ تاچەند ئومێدی ئەوە هەیە کە دەنگی کورد لە دەشتی نەینەوا و موسڵ زیاد بکات؟**

- ئێمە لە پارێزگای نەینەوادا وەك پارتی دیموکراتی کوردستان شەش کورسیمان بەدەستهێناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش یەك کورسی بەدەستهێناوە، پارتی لەو پارێزگایە لە زنجیرەی لیستی دووەمدا بوو، جیاوازیی نێوان کوتلەی پارتی دیموکراتی کوردستان و کوتلەی (نەسر)ی حەیدەر عەبادی یەك کورسی بوو، ئەوان هەشت کورسییان بەدەست هێناو ئێمەش حەوت، کێشەکە ئەوەیە خێوەتگای ئاوارەکانی ئێزیدی، کۆمسیۆن قبووڵی نەکرد کە هەڵبژاردنی تێدا بکرێت و هەڵیوەشاندنەوە، کاتێ دووبارەبکرێتەوە پێشبینی دەکەین ژمارەی کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان زیادبکات، چونکە زۆر لە لایەنگرو هەوادارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو خێوەتگایانەدان کە بە هەزاران دەخەملێنرێن، کە بەشداریی هەڵبژاردنیان نەکردووە، بۆیە ئەگەر دوای ژماردن و جیاکردنەوەو بڕیاری لیژنە جارێکی دیکە بچنەوە سەر سندووقەکانی هەڵبژاردن تاکو سەرژمێری بکرێن و زۆرینەش لە بەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەبێت.

*** پارتی جۆرێك لە بێمنەتی پێوە دیارە، تەنانەت دژی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی نەوەستاوە، واتا یەکێك لەو حزبانەیە پشتگیری لەوە دەکات کە دەنگەکان بەدەست یەکلا بکرێتەوە، ئەمە لە چییەوە هاتووە؟**

- ئێمە ڕێز لە بڕیاری دادگای فیدراڵی دەگرین، کاتێ هێزە سیاسییەکانی عێراق ڕازین بە ژماردنەوە بە دەست، ئێمەش لاریمان نییە، بۆیە ئێمە دڵنیاین کە هیچ ساختەکارییەك ناکرێت لە دەنگەکان لە دهۆك و هەولێرو نەینەوا، بۆیە وەك کوتلەکانی دیکە ئێمەش پێی ڕازین.

*** تاچەند دووبارەکردنەوەی دەنگەکان بە دەست، پرۆسەی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەکان و پێکهێنانی حکومەت لە عێراق دوادەخات؟**

- بە دڵنیاییەوە دوای ئەوەی ژماردنەوەی دەنگەکان بە سەرپەرشتیی دادوەرەکان دەستی پێکرد، ئەوا هەموو دیدارو گفتوگۆکان دوادەخرێن، ڕەنگە گۆڕانکاری لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بێتەئاراوە، هەموو لایەك چاوەڕوانی ئەوەیە جیاکردنەوەو ژماردنەوەی دەنگەکان لە ناوەندەکانی دەنگدان کۆتایی پێ بێت، دواتر ناوە دروستەکان لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە پەسنددەکرێن، ئینجا گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی ڕادەگەیەنرێت و گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەست پێ دەکەن.

**دوای ئەوەی دادگای فیدراڵی وردبینی بۆ ئەو تانانە ئەنجامدا، تانەکەی سەرۆک کۆمار و کۆمسیۆنی ڕەتکردەوە و لەبەرچاوی نەگرت، تەنیا تانەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەهەند هەڵگرت و دادگاکە بڕیاری دا کە نابێت دەنگدانی تایبەت و ئاوارەکان و دەنگدانی دەرەوە هەڵبوەشێندرێتەوە**

# پرۆسەی سیاسی دوای هەڵبژاردنی ٢٠١٨ی پەرلەمانی عێراق

هەڵبژاردنی ئەم دواییە گورزێکی بەهێزو گەورە بوو بۆ زۆربەی حزبە سیاسییەکانی عێراق، هەروەها بۆ زۆر لەو دەوڵەتانەی گرنگی بە کاروباری عێراق دەدەن، چونکە ئەم هەڵبژاردنە هەندێ دەموچاوی بزرکرد، ئەوانەی کە لافی سەرکەوتنی گەورەیان لێدەدا، هەندێ حزبی دیکەشی زیندەبەچاڵ کرد، ئەوانەی کە پێش هەڵبژاردن شانازییان بەوە دەکرد کە ئەنجامی سەرسوڕهێنەر بەدەست دێنن، چەند حزبێکیش ئەنجامی باشیان بەدەستهێنا کە هەندێکی دیکە گرەوی شکست، یان لەناوچوونیان بۆ دەکردن، بەڵام هەموو پێشبینییەکان نادروست بوون، کێ پێشبینی دەکرد کە موقتەدا سەدر ئەم ئەنجامە بەدەست دەهێنێت؟ کێ بڕوای دەکرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق یەکەم دەبێت؟ لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ لایەنی سیاسیی عێراقی و کوردستانی چاوەڕوانیان دەکرد پارتی دیموکراتی کوردستان هەر پشتگوێ دەخرێت و لەبیر دەکرێت! ئەم ئەنجامانە هاوکێشەکەیان گۆڕی، لایەنە سیاییەکانی ناوخۆو دەرەوەیان ناچارکرد مامەڵەی لۆژیك لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیەدا بکەن.

ئەوەی کە پەیوەستە بە حەیدەر عەبادییەوە، ئەو شکستی هێناو شانازی ئەوەشی دەکرد کە عێراقی لە داعش و هەرەسی ئابووری رزگارکردووە، هاوکات ڕووبەڕووی گەندەڵی و گەندەڵکاران بۆتەوە، لەوەش گرنگتر وای بۆ دەچوو کە عێراقی لە مەترسیی دابەشکردن رزگارکردووە، لەگەڵ ئەوەی کە رزگارکردنی عێراق لە داعش نەدەهاتەدی ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە نەبوایە کە ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند.

موقتەدا سەدر لەم هەڵبژاردنەدا لە ئاکامی ئەو هاوپەیمانییەی پێکیهێنا بە ناوی (سائرون) سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەو هاوپەیمانییە لە چەند حزبێکی سیاسیی مەدەنی پێکدێت دیارترینیان حزبی شیوعی عێراقییە، رەنگە خوێنەر بپرسێت نهێنیی ئەو سەرکەوتنە چییە؟ بێ گومان موقتەدا سەدر کەسایەتییەکی کاریزمایە چونکە سەر بە بنەماڵەیەکی دێرینی عێراقی و ئایینییە کە بە ئال سەدر ناسراوە، یەکێك بووە لە سەرسەخترین بەرهەڵستکار دژی بوونی ئەمریکییەکان لە عێراق، دوای ساڵی ٢٠٠٣ سوپای مەهدی دامەزراند، شەڕوشۆڕ لەنێوان لایەنگرانی لە سوپای مەهدی و لەنێوان سوپای ئەمریکا روویدا، لە ساڵی ٢٠٠٧ پرۆژەیەکی نیشتمانی راگەیاند تێیدا داوای دەوڵەتێکی مەدەنیی عێراقی کرد دوور لە دەستتێوەردانی دەرەکی، دیارترین ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە وەستان بوو دژی دەستتێوەردانی ئێران، من کاتێ سەردانی نەجەفم کرد دەربارەی ئەو پرۆژە نیشتمانییە قسەم لەگەڵدا کرد، داوای لە ئێمە کرد لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە پشتگیریی بکەین لەم پرۆژەیە بۆ رزگارکردنی عێراق لە تایفەگەری و پشکپشکێنەو گەندەڵی، بەغداش بۆ یەکەم جار خۆپیشاندانی دژواری بەخۆیەوە دی کە دروشمی (ئێران بۆ دەرەوەو بەغداش ئازادە) یان دەگوتەوە، ئەم دروشمە کاریگەریی زۆری لە شەقامی عێراقی هەبوو، خاڵێکی گۆڕانکاری بوو دوای ١٥ ساڵ لە مێژووی پرۆسەی سیاسیی دیموکراسیی عێراق، ئەم خاڵە گرنگترین هۆکارە کە وای کرد لەم هەڵبژاردنەی ئەم دواییە سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت، ئەوەندەی نەبرد سەدر لەگەڵ فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری هاوپەیمانیی پێکهێنا، ئەم هاوپەیمانییە لە ئێرانەوە بەسەریدا سەپێنرا، واتا لە ترسان نەك بە حەزی خۆی لەسەری رازی بوو، بە مەرجی ئەوەی کە ئێران هیچ کەسایەتییەك لە حزبی دەعوە کاندید نەکات، بۆیە ئەو هاوپەیمانییە هیواو ئامانجی

**سەرۆک بارزانی چاک دەیزانی کە پرۆسەی سیاسی ڕێڕەوی ڕاستیی خۆی لەدەستداوە و بە ئاراستەیەکی مەترسیداردا دەڕوات، بۆیە داوای لە سەرکردە سیاسییەکان کرد کە بکەونە گفتوگۆی جددییەوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئاراستەی ئەم پرۆسەیە، بەڵام ئەوان پشتیان لە داواکەی بارزانی کرد، بۆیە پرۆسەی سیاسی کەوتە نێو تونێلێکی تاریکەوە**



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

عێراقییەکانی لەباربرد لە رووی رەوتە مەدەنی و دیموکراسییەکان و چینی رۆشنبیر کە زۆر ئومێدیان لەسەر سەدر هەڵچنیبوو.

پێکهێنانی هاپەیمانییەکان و گومانبردن لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی عێراقیش هەر بەردەوامن، هەندێك سەرکەوتنی خۆی راگەیاندووە بۆ پێکهێنانی گەورەترین کوتلە،هەندێکی دیکە چاوەڕوانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیە دوای شکستهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی، هەندێکیش هەن دەیانەوێت هەڵبژاردن دووبارەبکرێتەوە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پرۆسەی سیاسی لە قۆناغێکی مەترسیدایە، چەند رۆژێك ماوە بۆ کۆتایی خولی ئێستای ئەنجومەنی نوێنەران، دواتر عێراق دەکەوێتە بۆشاییەکی دەستوورییەوە، سەیرە دادگای فیدراڵی کە زوو دەستتێوەردانی لە گشتپرسیی کوردستاندا کرد لەگەڵ ئەوەی کە گشتپرسی سەد لە سەد پرۆسەیەکی دیموکراسیی شارستانی بوو، بەڵام بێدەنگییەکەی لە چارەنووسی عێراق هەڕەشەی هەرەسهێنانە، عەبادیش دەرکی بە مەترسیی رەوشەکە کردووە و داوای کۆبوونەوەیەکی کردووە دوای جەژن بۆ باسکردنی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە، بە تایبەتیش کە وڵات بۆ یەکەم جارە دەکەوێتە بۆشاییەکی دەستوورییەوە، چەندین پێشنیاریش هەیە کە دەکرێ گفتوگۆیان دەربارە بکرێت، یەکەمیان درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆ ماوەیەکی کەم وەك ئەوەی لوبنان، ئەمەش پێچەوانەی دەستوورە، پێویستیشی بە هەموارکردنەوەی دەستوور هەیە، ئەمەش دیسان پێویستی بە گشتپرسیی گەل هەیە، هەرچەندە ناشکرێت لەبەرئەوەی کاتی تەواو نییە، پێشنیاری دووەم دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەمەش پێویستی بە بڕیاری دادگای فیدراڵییە، دوای چاوخشاندنەوە بە کاری کۆمسیۆن و ئەو تانانەی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران باسکران، چونکە لە ٩-٦-٢٠١٨ کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەبەردەم دادگای فیدراڵی تانەی لە هەموارکردنی سێیەمی یاسای ژمارە(٤٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دا، کە ئەنجومەنەکە لە ٦-٦-٢٠١٨ دەریکردبوو، دادگاکەش هیچ شتێکی دەرنەکرد و دووپاتی کردەوە کە کۆمسیۆن تانەی لێدراوە، هەروەها هیچی دەرنەکرد تایبەت بە کاری ئەنجومەنی باڵای دادوەری کە بە بڕیارێکی هەڵەی ئەنجومەنی نوێنەران هاتە شوێنی کۆمسیۆن، ئەمەش پێچەوانەی دەستوورو پەیڕەوی ناوخۆو یاسای کۆمسیۆنە، پەرلەمانیش مافی نییە دەنگی دەنگدەران هەڵوەشێنێتەوە، چونکە دەنگدان مافی دەستوورییانە و هەر دەنگدەرانیشە کە شەرعییەتیان بە پەرلەمان داوە.

پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنگ بکرێت: دەسەڵاتی پەرلەمان نییە کە بڕیار دەربکات، ئەمەش بە بڕیاری دادگای فیدراڵی هاتووە، کەواتە ئەگەر ئەو بڕیارە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو بێت، دووەم شت:دەسەڵاتی پەرلەمان نییە دەستوەربداتە کاروباری دادوەری، چۆن داوا لە ئەنجومەنی باڵای دادوەری دەکات شوێنی کۆمسیۆن بگرێتەوە؟ بۆیە پێویست بوو لەسەر دادگای فیدراڵی فەرمانێکی وەلائی دەربکات بە راگرتنی هەموارکردنەوەی سێیەمی یاسای هەڵبژاردنەکان ژمارە(٤٥)ی ساڵی ٢٠١٣، بەڵام ئەوەی نەکرد لەبەر فشاری سیاسی و گرێبەستی سیاسیی نێوان دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکومەت، بە راشکاویش دەڵێم لەنێوان عەبادی و سەلیم جبوری، سێیەم: دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و ئەوانەیشی کە لەم هەڵبژاردنە دەرنەچوون بە توندی سووربوون کە کۆمسیۆنە کۆنەکە

**هەموو پێشبینییەکانی هەڵبژاردن نادروست بوون، کێ پێشبینی دەکرد کە موقتەدا سەدر ئەم ئەنجامە بەدەست بهێنێت؟ کێ بڕوای دەکرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق یەکەم بێت؟**

**هەندێ لایەنی سیاسیی عێراقی و کوردستانی چاوەڕوانیان دەکرد پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگوێ دەخرێت و لەبیر دەکرێت، بەڵام ئەنجامەکان هاوکێشەکەی گۆڕی و لایەنە سیاییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ناچارکرد مامەڵەی لۆژیک لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیەدا بکەن**

بگۆڕن، بە تایبەتیش هەندێ حزبی کوردستانی کە بەشدارییان لەم بڕیارەدا کرد، چونکە نوێنەریان لە کۆمسیۆنەکەدا نییە، هەروەها چونکە سەرۆکەکەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هاوکات نوێنەرێکمان هەبوو لە کۆمسیۆنە تازەکە، بەڵام ئامادەنەبوونی ئێمەیان لە بەغدا قۆستەوە چونکە بایکۆتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانمان کردبوو بەهۆی بڕیارە سیاسییە ستەمکارەکانی دژی گەلی کوردستان بە هۆکاری گشتپرسی، ئەوان بە نوێنەرێکی دیکە گۆڕیانەوە کە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە، حزبە کوردستانییەکانی دژ بە گشتپرسیش لە بەغدا بوون و خەریکی بەدەستهێنانی پۆست بوون لەجیاتی بەشداریکردن لە وەها بۆنەیەکی نیشتمانیی مێژوویی، لەگەڵ ئەوەی نوێنەرمان لە کۆمسیۆنەکە نەبوو، بەڵام سەرکەوتنی گەورەمان بەدەستهێنا، هەموو حزبە سەرەکییەکان نوێنەریان هەبوو، تەنانەت سەرۆکی کۆمسیۆنیش سەر بە کۆمەڵەکەی سەلیم جبوری بوو، بەڵام هیچ کورسییەکی لە پەرلەمان نەهێنا.

هەمواركردنی یاسایەکە بەسەر ئەندامان دابەشنەکرا، سێیەم: ناکرێ دەنگ لەسەر شتێك بدرێت کە ناوەڕۆکەکەی نەزانرێت، چوارەم: ناکرێت بڕگەی تازە لەکاتی دەنگدان زیادبکرێت،هەندێ پەرلەمانتاری فراکسیۆنە کوردستانییە ناڕازییەکان بڕگەیەکی تازەیان زیادکرد کە بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی دەنگدانی تایبەت، پێنجەم: رێگە بە کەس نەدرا پەلپ بگرێت یان خاڵی سیستەم ئەنجامبدات، بەڵکو دەستەی سەرۆکایەتی پەلەی بوو تاکو یاساکە تێپەڕێنێت پێش کۆتایی ماوەکە، بەڵگەش ئەوە بوو کە لە ماددەی(٨) بڕگەیەکیان لە هەمواركردنی سێیەم زیادکرد( ئەم یاسایە لە رۆژی دەنگدان لەسەری جێبەجێ دەکرێت) ئەمەش تاکو پێویستی بە رەزامەندیی سەرۆکایەتیی کۆمار نەبێت، چونکە رەتدەکرێتەوە، ئەمەش پێویستی بە(١٥) رۆژە، هەرچەندە هەر یاسایەك دەربچێت لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە سەرۆکایەتیی کۆمار مافی رەتکردنەوەی نییە، ئەمەش لەو هەڵە کوشندانەیە کە سازانی سیاسیی وڵات لەبەین دەبات، هەموو یاساکان دوای (١٥) رۆژ جێبەجێدەکرێن هەتا ئەگەر سەرۆکایەتیی کۆمار رازیش نەبێت، لێرەدا لاوازیی ئەو پۆستە دەردەکەوێت، شەشەم: ئایا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان داوای رەزامەندیی حکومەتی کرد لەسەر ئەم هەمواركردنە، واتا گۆڕینی سیستەمی ئەلیکترۆنی، کە سەدان ملیۆن دۆلار لەسەر حکومەت کەوتووە بۆ سیستەمی جیاکردنەوەی دەستی، بە دڵنیاییەوە داوای نەکردووە، چونکە کات رێگە نادات، هەرچەندە عەبادی رازی بوو چونکە هەماهەنگی هەبوو لەنێوان هەردوو لادا، لە راستیدا لەگەڵ هەموو ئەو سەرپێچی و تاوانانەی دژی پەرلەمان پێشکەشکراون دادگای فیدراڵی لێیان بێ دەنگ بووە، ئەمەش وایکرد کە پەرلەمان بڕیاری ستەمکارانەی سیاسی دەرحەق پرۆسەی سیاسی دەربکات، بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنی خۆمانەوە بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمانی عێراقمان کرد، چونکە ئامادەنین بەشداری لە هەڵە کارەساتبارە مێژووییەکانی ئەنجومەندا بکەین،حەوتەم:ئەم کۆمسیۆنە سەرکەوتوو نەبوو، هۆکارەکەش ئەوەیە کە بەپەلە پێکهێنراو راهێنانیان نەکردبوو و بە تەواوی فێرنەبووبوون، بۆیە سەرپێچی و ساختەکاری روویدا، هەشتەم: سیستەمی ئەلیکترۆنی بە تەواوی شکستی هێنا، بۆیە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە کوردستان رەتکرایەوە لە ترسی کەموکوڕی و ساختەکاری، نۆیەم:ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان بە دەست و دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان ناترسین، چونکە جەماوەری نیشتمانپەروەری خۆمان هەیە کە بە قەناعەتەوە دەنگ دەدات، بەڵکو ستەمێکی گەورەمان لێکرا لە دەنگدانی زۆر ناوچەی وەك موسڵ بە تایبەتیش لە شنگال، ئەگەر وردبینی و دەستپاکیی راستەقینە و چاودێریی بەهێز لە هەڵبژاردنەکاندا هەبووایە کورسیی زیاترمان دەبوو، پەرلەمانی عێراقیش بەرپرسیارێتیی ئەم بێ سەروبەری و ئاژاوەی لە ئەستۆدایە، کە بەپەلە ئەو کۆمسیۆنەی بۆ بەرژەوەندیی هەندێ حزب و کەسایەتی پێکهێنا کە لە کۆتاییدا شکستی هێنا، دەیەم: ئەوانەی دژی گشتپرسی وەستانەوە لە حزبە کوردستانییەکان هەمان ئەوانە ئەمڕۆ داوای هەڵوەشاندنەوەی دەنگدانی تایبەت دەکەن، ئەمەش تاوانێکی ئاشکرایە دژ بە پێشمەرگە کە بە گیانی خۆیان بەرگرییان لە کوردستان کرد، ئەگەر ئەوانە راستگۆ بوونایەو کەمترین غیرەتیان هەبوایە داوای هەڵوەشاندنەوەی دەنگدانی تایبەتی هێزەکانی عێراقیان دەکرد، بەڵام چونکە ئامانجی سەرەکی ئەو حزبانە تەنیا وەستان بوو دژی داخوازییەکانی گەلی کوردستان، هەروەها دژی گشتپرسی و قوتی خەڵك و بوودجە وەستانەوەو پێشمەرگەشیان بە میلیشیا ناودەبرد لە شەڕی داعش، لەگەڵ چەندین هەڵوێستی دیکەی نابەجێ کە مێژوو لەبیریان ناکات.

**عەبادی شکستی هێناو شانازی ئەوەشی دەکرد کە عێراقی لە داعش و هەرەسی ئابووری رزگارکردووە، هاوکات رووبەڕووی گەندەڵی و گەندەڵکاران بۆتەوە، لەوەش گرنگتر وای بۆ دەچوو کە عێراقی لە مەترسیی دابەشکردن رزگارکردووە، لەگەڵ ئەوەی کە رزگارکردنی عێراق لە داعش نەدەهاتەدی ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە نەبوایە کە ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند**

دەستەی سەرۆکایەتی و ئەو پەرلەمانتارانەی

کورسییەکانیان دۆڕاندبوو لەو قەناعەتەدا بوون کە ئەم جۆرە بڕیارانە هەڵەن، بەڵام ئامانجی ئەوان ئەوە بوو کە عێراق بخەنە نێو قەیران و ئاژاوەو بۆشایی دەستوورییەوە، بۆیە پێموایە کە هۆکاری بێدەنگیی دادگای فیدراڵی بۆ ئەوەیە کە چاودێریی سیاسیی بارودۆخەکە بکرێت نەك یاسایی، تاکو بگاتە قەناعەتێك دواتر لە ڕووی سیاسییەوە بڕیاربدات، نابێ فشارە سیاسییەکانی ناوخۆو دەرەوە بۆ سەر دادگاکە لەبیربکەین، دیارە ئەو دیالۆگەی دوای جەژن لەسەر داوای عەبادییە قەناعەتی دادگای فیدراڵی دەگۆڕێت.

سەرۆك بارزانی چاك دەرکی بەوە کردبوو و دەیزانی کە پرۆسەی سیاسی ڕێڕەوەی ڕاستیی خۆی لەدەستداوە، بە ئاراستەیەکی مەترسیداردا دەڕوات، بۆیە داوای لە سەرکردە سیاسییەکان کرد کە بکەونە گفتوگۆی جیددییەوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئاراستەی ئەم پرۆسەیە، بەڵام بێ سوود بوو، وایانزانی کە ئەم داواکارییە بۆ ئامانجی سیاسی و حزبییە، نازانن ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت، ئەوان پشتیان لە داواکەی بارزانی کرد، بۆیە پرۆسەی سیاسی کەوتە نێو تونێڵێکی تاریکەوە، پرۆسەی سیاسی لار بۆتەوە چونکە هەر لە سەرەتاوە بە ئاراستەیەکی خواردا گوزەریکرد، لەبەر ئەوە تەنیا بەوە ڕاست دەبێتەوە کە بگەڕێینەوە ئەو خاڵەی کە لێیوە دەستمان پێکرد دوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣، داعش پەیدابوو و ماعش شوێنی گرتەوە، گەندەڵکاران هاتنە مەیدانەوەو تایفەگەران دەستیان بەسەر کاروباردا گرت، ئەنجومەنی نوێنەران بوو بە یانەیەك بۆ گرێبەستی سیاسی و بەئامانجگرتنی کەسایەتییەکان و موزایەداتکردن، ئەنجومەن هەیبەتی خۆی لەدەستدا، بوو بە بووکەڵەیەك بەدەست تاقمێکی کەمەوە کە لە ڕێی ئەنجومەنەوە مەرامی کەسیی و سیاسیی خۆی وەدی بهێنێت، وەلابوون بۆ حزب و تایفەو نەتەوەو دەوڵەت و کەسایەتییەکان شوێنی وەلابوون بۆ نیشتمانی گرتەوە، کاتێکیش ئینتیما بۆ نیشتمان لەق دەبێت، وڵات دەکەوێتە دەست هەندێك کە بە ئارەزووی خۆیان پەخشان و تەخشانی پێدەکەن، بۆیە هاووڵاتیش هیچ ئومێدێکیان نەماوە و هیواخوازن وڵات بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی بحەسێنەوەو هەست بە ئارامی و سەقامگیری بکەن، کاتێکیش بارزانی بێئومێد بوو لە چاکسازیی پرۆسەی سیاسی و بینی کە دەستوور بە ئاشکرا پێشێلدەکرێت و دامەزراوەکانی دەوڵەت بوونەتە دامەزراوەی حزبی و تایفەگەریی دژ بە گەلی کوردستان، کە نموونەمان زۆرە لێرە بواری باسکردنیان نییە، بارزانی پێشنیاری بۆ حزبە کوردستانییەکان کرد کۆببنەوە تاکو هەڵوێستیان ڕابگەیەنن سەبارەت بەوەی کە لە عێراق ڕوودەدات و بەدوای ئەلتەرناتیڤێکدا بگەڕێن، زۆربەی حزبە کوردستانییەکان ڕێککەوتن کە ڕۆژی ٢٥-٩-٢٠١٧ بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی دەستنیشان بکەن، بڕیاریش بوو کە ئەگەر داعش پەیدا نەبووایە لە ساڵی ٢٠١٤ ئەنجامبدرایە. چاکترین شت کە بارزانی بۆ گەلەکەی کردی ئەنجامدانی گشتپرسی بوو، گشتپرسی بەو بڕوانامەیەی زانکۆ چواند کە قوتابی بەدەستی دێنێت، کەی ویستی دابمەزرێت پێشکەشی هەر دامەزراوەیەکی دەکات کە کاری تێدا دەکات، ئێمە سەد ساڵە نەمانتوانیوە ئامانج و خواستی خۆمان ڕابگەیەنین، بەڵام ئەمجارە لە کۆتاییدا ئەم ئامانجەمان هاتەدی، ئەم گشتپرسییەمان نەکرد تا ئەو کاتەی عێراق گەیشتە قۆناغی بێئومێدی، قۆناغی سەختیی گوزەران لەو وڵاتەی کە تێیدا کلتووری ڕق و کینەو دوژمنایەتی باوە، ئێمە داوامان کرد کە بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنەی دوایی بکەین یان بە لیستێکی یەکگرتوویی کوردستانی بەشداری بکەین، بەڵام حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان کە - خەمیان تەنیا پۆستە- ڕازی نەبوون، بۆیە بە تەنیا بەشداریمان کرد، بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکمان کرد چونکە داگیرکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کورسیی زۆرمان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بەدەستهێنا، سەرباری ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی مسۆگەرمانکرد، داوا لە حزبە کوردستانییەکان دەکەین بێنە نێو گفتوگۆی جیددییەوە بۆ دانانی بەرنامەیەکی گرنگی وتووێژ لەگەڵ بەغدا، تاکو بتوانین دەستکەوتی زیاتر بۆ گەلەکەمان بەدەست بهێنین، هەروەها هاوسەنگی و سازانی سیاسی بگێڕینەوە، بەڵام دیارە ئەو گفتوگۆیەیان ناوێت و دەیانەوێت گومان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا بکەن، ئەم ڕەتکردنەوەیەش بەڵگەی شکست و مایەپووچیی سیاسییانە، جا بۆ ئەوەی یارمەتی گەلەکەمان بدەین کە زۆر مەینەتیی کێشاوە لە ئەنجامی سیاسەتی نارەوای بەغدا دەرحەق کوردستان، چاکتر وایە پەلەبکرێت لە پێکهێنانی شاندێکی باڵای سیاسیی کوردستانی و دەرگاش واڵا بکات لەبەردەم ئەوانەی دەیانەوێت تێیدا بەشداربن و پێکەوە بچنە بەغدا، تاکو بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوودا بکەن.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**موفتەدا سەدر لەم هەڵبژاردنەدا لە ئاکامی ئەو هاوپەیمانییەی پێکیهێنا بە ناوی (سائرون) سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەو هاوپەیمانییە لە چەند حزبێکی سیاسیی مەدەنی پێکدێت دیارترینیان حزبی شیوعی عێراقییە**

**سەیرە کە دادگای فیدراڵی زوو دەستێوەردانی لە گشتپرسیی کوردستاندا کرد لەگەڵ ئەوەی کە گشتپرسی سەد لە سەد پرۆسەیەکی دیموکراسیی شارستانی بوو، بەڵام بێدەنگییەکەی لە چارەنووسی عێراق هەڕەشەی هەرەسهێنانە، عەبادییش دەرکی بە مەترسیی ڕەوشەکە کردووە و داوای کۆبوونەوەیەکی بۆ باسکردنی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە کردووە**

دیمانەی تایبەت



**جەیکۆپ شاپیرۆ**

**تایبەتمەندی زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:**

# خراپترین سیناریۆ ئەوەیە کە دۆخی ناوچەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت

**جەیکۆپ شاپیرۆ پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروبارە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی پرۆینستۆن. توێژەری بواری ناکۆکی، پەرەپێدانی سیاسی و ئابووری و سیاسەتی ئەمنییە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا کە پەیوەست بوو بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوای بڕیارەکەی بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا و ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن لە دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی دوای بڕیارەکەی ئیدارەی ترەمپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا و ئایا هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارە چی بوون؟**

- هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو و ژمارەیەك لە راوێژکارەکان ئەم ڕێککەوتنەیان بە ڕێککەوتنێکی خراپ دەزانی و پێیانوایە دەبێت کار لەسەر پێچەوانەکردنەوەی بڕیارەکانی ئیدارەی ئۆباما بکرێت. هەرچەندە من پاساوێکی تۆکمە بەدی ناکەم بۆ کشانەوە لەم ڕێککەوتنە.

*** بەڵام باوەڕت وایە کە ئەم ڕێککەوتنە بەردەوام بێت لە دوای کشانەوەی ئەمریکا؟**

- بەڵێ، من باوەڕم وایە بەردەوام دەبێت.

*** ئەی ئەگەر وڵاتە ئەوروپییەکان پێداگری بکەن لەسەر پابەندبوون بەم ڕێککەوتنەوە، ئایا ئەمە دەبێتەهۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و ئیدارەی ئەمریکادا؟**

- پێموایە لە ئێستادا چەندین هۆکار هەن بۆ دروستبونی ناکۆکی لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکادا، ئەم بڕیارەی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە و پێداگری یەکێتی ئەوروپا لەسەر پابەندبوون پێیەوە، یەکێکە لە هۆکارەکان، بە هەمان شێوە سیاسەتی بازرگانیی ئەمریکاش یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکان. کەواتە لە ئێستادا چەند پرسێك هەن کە ئەمریکا و ئەوروپا لە بارەیانەوە هاوڕا نین.

*** بەڵام ئایا ئەم بڕیارەی ئەمریکا بۆ کشانەوەی یەکلایەنە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە لەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- من پێموایە هۆکارێك دەبێت بۆ زیاتر ناسەقامگیرکردنی بارودۆخەکە.

*** ئەی پێشبینی دەکەیت ئێران چ کاردانەوەیەکی هەبێت لەبەرامبەر ئەم بڕیارەدا؟ ئایا پێتوایە ئەویش لە ڕێککەوتنەکە دەکشێتەوە و دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەکاتەوە؟**

- نەخێر، من پێم وایە ئێران لە ڕێککەوتنەکەدا دەمێنێتەوە و پێوەی پابەند دەبێت، تا ئەو کاتەی وڵاتە ئەوروپییەکان پێوەی پابەند بن.

*** ئەی پێتوایە ئیدارەی ئەمریکا تا چەند لە دڵنیاکردنەوەی دۆستەکانی و لە بەرەنگاربوونەوەی رکابەرەکانی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکەوتوو بووە؟**

- ئەوە راستە کە ئەمریکا توانیویەتی زیاتر پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتی سعودیەدا، بەڵام پێموانییە لە بوارەکەی دیکەدا کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێدەکەن، سەرکەوتوو بووبێت.

*** ئەی باوەڕت وانییە ئێران پەنا بباتە بەر ئاڵۆزکردنی دۆخەکە، بەتایبەتی لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراق کە خاوەنی دەستڕۆیشتوییەکی زۆرە لەم دوو وڵاتەدا؟**

- ئەوەی من بەدی دەکەم، ئەوەیە کە بەرژەوەندیی ئێران لەوەدایە ئەو دۆخە هەنوکەییەی لە عێراق و سووریادا لە ئارادایە درێژە بکێشێت.

*** ئەی پێشبینی ئەگەری شەڕ لە نێوان ئێران و ئیسرائیل ناکەیت، بە تایبەتی لەسەر خاکی سووریادا؟**

- نەخێر، دواتر من پێموایە ئیسرائیل زیاتر هەوڵی ئەوە دەدات کارێك بکات کە ئەمریکا کردەوەیەك لە دژی ئێران بگرێتەبەر.

*** ئایا پێشبینیت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چییە؟**

- پێموایە باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە ئێران پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەمریکا لێی کشاوەتەوە، خراپترین سیناریۆش ئەوەیە کە دۆخی ناوچەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت.

**لە ئێستادا چەند پرسێک هەن کە ئەمریکا و ئەوروپا لە بارەیانەوە هاوڕا نین و سیاسەتی بازرگانیی ئەمریکاش یەکێکە لەو هۆکارانە**

**بەرژەوەندیی ئێران لەوەدایە ئەو دۆخە هەنوکەییەی لە عێراق و سووریادا لە ئارادایە درێژە بکێشێت**

دیمانەی تایبەت



راجەوی ئەساد

تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

# ئەگەر وڵاتانی ئەوروپاش لە رێککەوتنەکەدا بمێننەوە ئەوا رەنگە بانک و کۆمپانیا ئەوروپییەکان نەتوانن لە ئێراندا کار بکەن

**راجەوی ئەساد پرۆفیسۆرە لە سکوڵی هەمفری بۆ کاروبارە گشتییەکان لە زانکۆی مینۆسیتا، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەرەپێدانی ئابووریی نێودەوڵەتی، ئابووری و سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ بە شێوەیەکی گشتی و سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.**

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەڕوانیت؟**

- ئاشکرایە کە سیاسەتی دەرەوەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپە بنیادنراوە کە دەڵێت: «دەبێت ئەولەوییەتی یەکەم ئەمریکا بێت.» ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە دەبێت لە ماوەی کورتدا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەدی بهێنرێت و باشترین رێککەوتن لە ماوەی نزیکدا بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا بکرێت.

*** ئایا تا ئێستا سەرکەوتوو بووە لە پیادەکردنی ئەم سیاسەتە و لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە وەڵامەکەتدا ئاماژەت پێکرد؟**

- نەخێر.

*** بەڵام ئایا هۆکار و رێگرەکان چی بوون بۆ ئەوەی سەرکەوتوو نەبێت؟**

- ئاشکرایە کە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆی داڕێژدراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرجەم وڵاتانی دیکەش لە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە خۆیاندا بن لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە بوار و ماوەی هاوکاریکردن لەگەڵ ترەمپدا بچووك دەبێتەوە.

*** کەواتە هاوڕایت لەسەر ئەوە کە ئیدارەی ترەمپ پتر رێچکەیەکی گۆشەگیرانەی پیادە کردووە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا؟**

- نەخێر، پێموانییە رێچکەیەکی گۆشەگیرانەی گرتبێتەبەر، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو هەوڵ دەدات سوود لە پێگەی زاڵ و باڵادەستیی ئەمریکا لە ئابووریی جیهاندا وەربگرێت.

*** بەڵام ئێمە گوێمان لەوە بوو کە چەند جارێك ترەمپ ئەوەی دووپات کردووە کە وڵاتانی دیکە و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا سوودمەند بوون لە هەوڵەکانی ئەمریکا بەبێ ئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆیان تێدا بکەن؟**

- ئەمە بانگەشەی ترەمپە، چونکە من پێموایە ترەمپ دەیەوێت گفتوگۆ بکات بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنی باشتر لەگەڵ وڵاتاندا کە بە تێڕوانینی خۆی پتر لە بەرژەوەندی ئەمریکا بێت، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە وڵاتانی دیکە پاڵنەری ئەوەیان نییە گفتوگۆ بکەن لەبارەی ئەم رێککەوتنە باشترەوە لەگەڵ ئەمریکا. ئەمە کارێکی مەترسیدارە، چونکە راستە رەنگە هەندێ جار رێککەوتنی باشتر بەدەست بهێنیت، بەڵام هەندێ جاریش ئەم ئامانجەی بۆ بەدی نایەت و دووچاری شەڕی بازرگانی دەبێت، یان دۆخەکە بە چەشنێك خراپ دەبێت کە لە بەرژەوەندی هیچ کەسدا نەبێت.

*** وەك کەسێکی شارەزا لە بواری پەرەپێدانی چۆن لە سیاسەتی ترەمپ دەڕوانیت کە خۆی بە دوور دەگرێت لە پرسەکانی پەیوەست بە پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە لە وڵاتانی دیکە؟**

- لە راستیدا ئیدارەی ترەمپ تەنیا بایەخ بە هێنانەدی بەرژەوەندییە کورت مەوداکانی ئەمریکا دەدات، واتە هیچ مەسەلەیەکی درێژخایەن بە بەرژەوەندی وڵاتەکەی نازانێت. مەبەستم ئەوەیە کە ئیدارەکەی هەر سیاسەت و بڕیارێك بدات، ئەوا لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندی کورت مەودای ئەمریکایە، ئیدی لە بواری بازرگانی بێت، یان بواری ئەمنی.

*** پێتوایە پێویستە ئەمریکا سیاسەتی**

**ئامانجی رووسیا ئەوەیە پێگەی حکومەتی سووریا هێندە بەهێز بێت، کە رێککەوتنێکی سیاسی بکرێت لەو وڵاتەدا کە لە بەرژەوەندیی حکومەتی ئێستای سووریا بێت**

**پەرەپێدانی دیموکراسی بگرێتەبەر لە وڵاتانی دیکەدا؟**

- مەسەلەکە پەیوەندی بە تێڕوانینی منەوە نییە، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەستە بە تێڕوانینی ئیدارەکەی ترەمپەوە، هەرچۆنێك بێت، من متمانەی ئەوەی پێناکەم کە کار لەسەر پەرەپێدانی دیموکراسی بکات.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانیت؟**

- بە بۆچونی من ئیدارەی ترەمپ زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی لە ناوچەکە پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکات، واتە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە پاڵپشتیکردنی هەر کارێکە کە ئیسرائیل ئەنجامی دەدات. بە گوزارشتێکی دیکە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەمریکا پشتگیری ئیسرائیل دەکات.

*** ئەی پێتوانیە ئەم ئیدارەیە پتر سەرکەوتوو بووە لە بەرەنگاربوونەوەی نەیارەکانی لە ناوچەکەدا، (وەك ئێران) بەتایبەتی لە دوای بڕیاری کشانەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمە بڕیارێکی زۆر خراپ بوو، چونکە پێمولیە ئەمە سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی دۆخێکی خراپتر. هەروەها ئەم بڕیارە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی رادیکاڵەکانی نێو ئێران.

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت ئێرانیش لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا تا ئێستا ئێران پاڵنەر و هۆکاری ئەوەی هەیە کە پابەندبێت بە ڕێککەوتنەکەوە، چونکە ئەوەی بەدی دەکرێت وڵاتانی ئەورووپا هەوڵی ڕزگارکردنی ڕێککەوتنەکە دەدەن و ئێرانیش دەیەوێت ئەو وڵاتانە ڕازی بکات.

*** پێتوایە هۆکاری ئەم بڕیارەی ترەمپ بۆ کشانەوەکە چی بوو؟ ئایا تەنیا بۆ ئەوە بوو بیسەلمێنێت کە ئەو بەڵێنەکانی سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان جێبەجێ دەکات، یاخود هۆکاری دیکە هەبوون؟**

- من ناتوانم لەوە تێبگەم کە ترەمپ چۆن بیردەکاتەوە، یان بۆچی بەو شێوەیەی ئێستا بیردەکاتەوە، بەڵام دەزانم ئەمە بڕیارێکی هەڵەیە و ناشزانم بۆچی ئەو بڕیاری هەڵە دەدات.

*** واتە ئەم بڕیارە دەبێتەهۆی دروستبوونی ناسەقامگیری و نادڵنیایی زیاتر؟**

- بەڵێ، من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئەمەدا.

*** ئاماژەت بەوە کرد کە وڵاتانی ئەورووپا دەیانەوێت پابەند بن بە ڕێککەوتنەکەوە، ئایا ئەم هەڵوێستە جیاوازە نابێتەهۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکادا؟**

- بەڵێ، بەداخەوە، ئەمە ڕاستە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ ئەمەی بەلاوە گرنگ نییە. ئەوەتا ئەو ناکۆکی جددی هەبوو لەگەڵ (G7)، بەڵام ئەو گرنگی بەم مەسەلە نادات، چونکە پێیوایە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای هێناوەتەدی.

*** پێتوایە بە بێ ئەمریکا ئەم ڕێککەوتنە بەردەوام بێت؟ واتە ئایا وڵاتانی ئەورووپا دەتوانن ڕێککەوتنەکە لە هەڵوەشاندنەوە ڕزگار بکەن؟**

- کێشەکە ئەوەیە کە بانك و کۆمپانیا ئەورووپییەکان نیگەرانی ئەوەیان هەیە نەتوانن کار لە ئەمریکا بکەن، ئەگەر بێتو درێژەیان بە کارەکانیاندا لە ئێراندا، واتە ئەگەر وڵاتانی ئەورووپاش بڕیار بدەن لە ڕێککەوتنەکەدا بمێننەوە، ئەوا ڕەنگە بانك و کۆمپانیا ئەورووپییەکان نەتوانن لە ئێراندا کار بکەن.

*** ئەی پێشبینی ئەوە ناکەیت ئێرانیش لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە و دەست بداتەوە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی؟**

- من پێشبینی ئەوە ناکەم ئێران دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بکاتەوە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپیشدا کۆتایی پێ بێت.

*** کەواتە دەکرێت ڕێککەوتنەکە بە بێ ئەمریکاش بەردەوام بێت؟**

- من پێموایە ئەگەری ئەوە هەیە بەردەوام بێت، بەڵام ئەمە بەندە بەوەی ئایا وڵاتانی ئەورووپا دەتوانن کار بکەن لە ئێراندا، سەرەڕای سزا سەپێندراوەکانی ئەمریکا بەسەر ئەو وڵاتەدا.

*** پێتوانییە ئەگەر ئەمریکا فشاری زیاتر بخاتەسەر ئێران، ئەوا ئێرانیش لە ڕێی وەکیلەکانیەوە لە عێراق و سووریادا پەنا بۆ کاری تۆڵەسەندنەوە ببات؟**

- بەڵێ، ئەمە ئەگەرێکە، دواتر هەروەك

**حکومەتی سووریا داوای مانەوەی هێزەکانی بیانی کردووە، تاوەکو لەلایەن حکومەتی سووریاشەوە پێشوازییان لێبکرێت، ئەوا هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە جێبهێڵن**

**ئیدارەی ترەمپ زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی لە ناوچەکە پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکات، واتە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە پاڵپشتیکردنی هەر کارێکە کە ئیسرائیل ئەنجامی دەدات**



پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەمە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی رادیکاڵەکان لە ئێراندا، لە دەرئەنجامدا ئەو رادیکاڵانەش هەوڵی ئەوە دەدەن، فشاری زیاتر بکەن لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا، ئیدی لە یەمەن بێت، یان لە سووریا، هەروەها کەمتر ئامادەی سازشکردن دەبن، واتە ئەمە دەبێتەهۆی تێکدانی هاوسەنگی لە ناوخۆی ئێراندا.

*** ئایا پێتوانیە ئەمە سەربکێشێت بۆ هەڵکشانی زیاتری بارودۆخە و بگرە ئەگەری رووداني شەڕیشی لێبکەوێتەوە؟**

- من ناتوانم لەم رووەوە پێشبینی بکەم.

*** ئەی چۆن لە داواکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئێران دەڕوانیت کە داوای ئەوەی کرد پێویستە سەرجەم هێزەکانی سەر بە ئێران لە سووریا بکشێنەوە؟**

- بەڵام حکومەتی سووریا داوای مانەوەی ئەم هێزانەی کردووە، واتە تاوەکو لەلایەن حکومەتی سووریاوە پێشوازییان لێبکرێت، ئەوا هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە جێبهێڵن.

*** ئەی چۆن لە رۆڵی رووسیا لە سووریا دەڕوانیت؟**

- هەموو ئەمانە بەندن بەوەی چی لە سووریادا روودەدات، چونکە ئەگەر حکومەتی سووریا بتوانێت بە باشی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات، ئەوا رووسیاش دەکشێتەوە.

*** هیچ چارەسەرێکی سیاسی لە سووریا بە بێ رووسیا سەر دەگرێت؟**

- ئامانجی رووسیا ئەوەیە پێگەی حکومەتی سووریا هێندە بەهێز بێت، کە رێککەوتنێکی سیاسی بکرێت لەو وڵاتەدا کە لە بەرژەوەندیی حکومەتی ئێستای سووریا بێت.

*** لە کۆتاییدا پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- من پێموایە دۆخەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تا رادەیەك وەك خۆی دەمێنێتەوە، واتە نە خراپتر دەبێت و نە بەرەوپێش دەچێت، واتە جۆرێك لە بە بنبەست گەیشتن هەیە کە دۆخێکی خراپ هەیە، بەڵام پێناچێت بەرەو خراپتر بچێت.

**ئیدارەی ترەمپ تەنیا بایەخ بە هێنانەدی بەرژەوەندییە کورت مەوداکانی ئەمریکا دەدات و هیچ مەسەلەیەکی درێژخایەن بە بەرژەوەندی وڵاتەکەی نازانێت**

دیمانەی تایبەت



**ئەریک داڤیس**

**تایبەتمەند لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# دەبێت خەڵکی عێراق خۆیان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن

**ئەریك داڤیس پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی روتگێرز و پێشتریش بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە هەمان زانکۆ. لە چەند بوارێکدا توێژینەوەی ئەنجام داوە، وەك پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و یادەوەریی مێژوویی لە عێراقی هاوچەرخدا، ئایدیۆلۆژیا و بناغە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوە ئایینییە رادیکاڵەکان لە میسر و ئیسرائیل و کاریگەریی سامانی نەوت لەسەر دەوڵەت و کەلتوور لە وڵاتانی عەرەبی و بەرهەمهێنەری نەوتدا. لە میانەی دیمانەیەکدا گولان چەند پرسێکی لەگەڵ تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی و ئەگەرەکانی ئایندە لە بەردەم ئەو وڵاتانە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە بۆچوونەکانی خستەڕوو.**

*** وەك شارەزایەك لە کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێتوایە هۆکاری ئەو ناسەقامگیرییە درێژخایەنە چییە کە ئەم ناوچەیە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، یاخود با بڵێین کێشەی سەرەکیی ئەم ناوچەیە لە چیدایە؟**

- بە تێڕوانینی من هۆکاری سەرەکی بریتییە لەوەی گەنجان لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بێکارن، هەروەها کێشەکە لە سەرکردەکانی ئەم وڵاتانەدایە، کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، ئەمە بۆ عێراق و بۆ وڵاتانی عەرەبی و بۆ کوردستانیش راستە. چونکە ئەم سەرکردانە خزم و کەسوکاری خۆیان دادەمەزرێنن و کار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی خەڵکەکە ناکەن. لە راستیدا ئەم کێشەیەش تەنیا پەیوەست نییە بە عێراق و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵکو تەنانەت لە خودی ئەمریکاش ئەم کێشەیە لەئارادایە، کە لە ئەمریکادا سەرۆکێك هەیە، ئەوەندەی لە خەمی کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی پارەدایە، هێندە بایەخ بە سیاسەتێکی گشتی نادات کە لە خزمەتی خەڵکدا بێت. کەواتە ئەمە کێشەیەکی جیهانییە کە بریتییە لە بوونی سەرکردایەتییەکی خراپ، رێژەی بەرزی بێکاری لەنێوان گەنجان و نەبوونی ئومێد بە ئایندە لەلای لاوان.

*** کەواتە چەندین هۆکار هەن بۆ ئەوەی گەنجان بە نائومێدی و بێهیوایی بمێننەوە؟**

- ئەمە راستە، بەتایبەتی لە عێراقدا کە لەم وڵاتەدا نزیکەی لە سەدا ٧٠ی خەڵکەکە لە توێژی گەنجانن، باشە چی روودەدات ئەگەر بێتو ئەم گەنجانە خوێندن تەواو بکەن و نەتوانن کار بدۆزنەوە و دابمەزرێنن و لە هەمان کاتدا ببینین کە کەسانی دیکە لەسەر بنەمایەکی سیاسی دادمەزرێن، واتە لە رێی واستەکارییەوە؟ بێگومان ئەمە دەبێتەهۆی توورەکردنی ئەو گەنجانە و ئەو کاتەش دەبنە نێچیری گرووپە توندڕەوەکان و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی گرووپێکی وەك داعش، وەك ئەوەی لە موسڵدا بینیمان. کەواتە کێشەکە لە سەرکردایەتی سیاسیدایە کە بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی وڵاتەکەی نادات، بەڵکو پەنا دەبەنەبەر سیاسەتی تایفەگەری بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دروستکردنی لێکترازان لەنێو خەڵکدا، لەبری ئەوەی یەکگرتوویی لەنێو خەڵکەکەدا بەدی بهێنن.

*** بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەت و رێگاچارەکان پێویستە چی بکرێت بۆ شکاندنی ئەم بازنەی نائومێدی و ناسەقامگیرییە؟**

- لە زمانی ئینگلیزیدا دەستەواژەیەك هەیە دەڵێت: (PEOPLE UNITED ARE NEVER DEFEATED) واتە کەسانی یەکگرتوو هەرگیز نابەزن، لەبەر ئەوە پێموایە ئەگەر رێژەیەکی زیاتری گەنجان بەشدار بن لە سیاسەتدا و دەنگ بە سەرکردە باشەکان بدەن، ئەوانەی لە خەمی پەرەپێدانی دیموکراسیدان، نەك بایەخ بەوە بدەن کە تەنیا لە پێناوی دزینی سامانی وڵاتەکەدا ببنە سەرکردە، ئەوا ئەمە باشترین چارەسەرە. واتە دیموکراسیەتی زیاتر و خۆڕێکخستنی زیاتر و پەروەردەی زیاتر بەتایبەتی بۆ چینی گەنجان.

*** ئەمە لەسەر ئاستی ناوخۆ، بەڵام ئایا پێتوایە هێزە دەرەکییەکان دەتوانن رۆڵی ئیجابی و**

**ئەو خەڵکانەی حوکمڕانیی داعشیان بینی، بۆیان دەرکەوت ئەو حوکمڕانییە چەند مەترسیدارە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە گرووپی توندڕەوی دیکە دروست دەبن لە ئایندەدا ئەگەر نوخبە و سەرکردە سیاسییەکان بەردەوام بن لە بایەخدان بە بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی خۆیان**

**بنیادنەر ببینن لە کارکردن بەو ئاراستەیەدا کە لە وەڵامی پێشوودا ئاماژەت پێکرد؟**

- ئەمە بەندە بەوەی باسی چ وڵاتێك، یان هێزێکی دەرەکی دەکەین، چونکە من پێموانییە ئێران نیازی باش هەبێت لە ئاست عێراقدا، هەروەها هەندێ جار ئەمریکا هەندێ سیاسەت لە ئاست عێراقدا دەگرێتەبەر کە پتر لە بەرژەوەندی خۆیەتی نەك لە بەرژەوەندی عێراق، هەروەها ناکرێت وێنای ئەوە بکەین کە یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان سەرەتا بیر لە بەرژەوەندیی عێراق و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەنەوە و دواتر لە بەرژەوەندی خۆیان. لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت خەڵکی عێراق و وڵاتانی ئەم ناوچەیە و کورد- کە رێژەیەکی زۆرم هەیە بۆیان- خۆیان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان بدەن، تاکە رێگاش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئەوەیە خۆیان رێکبخەن و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بۆ کاندیدی باش بدەن.

*** ئەی چۆن لە ئەزموونی ئەمریکا دەڕوانێت لە پەیوەندی بە داگیرکردنی عێراق و هەوڵەکانی بۆ بنیادنانی نەتەوە لەم وڵاتەدا؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەمریکا لە پێناو هێنانی دیموکراسی بۆ وڵاتەکە عێراقی داگیر نەکرد، دەکرێت ئاماژە بە چەندین هۆکاری داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بکەین، بەڵام هێنانی دیموکراسی بۆ ئەو وڵاتە یەکێك نەبوو لە هۆکارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەتا لە عێراقدا چەند هەڵبژاردنێك ئەنجام بدرێت، کە بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کەس نەیدەزانی کێ براوە دەبێت، ئەمەش ئاماژەیە بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتی و راستەقینە. چونکە ئەگەر من پێشوەختە بزانم کێ براوە دەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوا ئەمە دیموکراسی نییە. کەواتە پێموایە ئەوەی لە عێراقدا هەیە سەرەتایەکی باشە، کە ئەمەش بەهۆی ئەمریکاوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی ئەوە بووە کە عێراقییەکان دەیانەوێت هەڵبژاردنی دیموکراسی بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاریی راستەقینە بەکار بهێنن. لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت لە هەموو وڵاتێکدا ئیدی عێراق بێت، یان هەر وڵاتێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یاخود تەنانەت لە ئەمریکاش، دەبێت خەڵکی خۆیان رێبکخەن، لە

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، هەروەها دەبێت پارتە سیاسییەکان پەیوەست نەبن بە سەرکردەکانەوە، بەڵکو دەبێت پابەند بن بە پرەنسیپەکانەوە، کە دەبێت ئەو پرەنسیپانەش بە منداڵان بوترێتەوە لە قوتابخانەکاندا و ئەوەیان فێر بکرێت کە ئێمە هەمووومان بەشێکین لە کۆمەڵگەکە و هەمووومان لە ئادەمەوە سەرچاوەمان گرتووە و ئەگەری هاوکاری یەکتر نەبین، ئەوا یەکتر تێکدەشکێنین. کەواتە دەبێت پابەند بین بەو بەهایانەوە کە گەورەتر لە خۆمان، کە ئەمە داواکاری ئایینی ئیسلام و مەسیحییەت و جوولەکەشە، دواتر موسڵمانی راستەقینە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی خۆش بوێت و هەوڵی هاوکاریکردنی بدات.

*** بەڵام هەروەك دەزانن عێراق وڵاتێکە بە دەست دابەشبوونی قووڵەوە دەناڵێنێت، ئایا هیچ ئەگەرێکی راستەقینە هەیە کە ئەم وڵاتە بتوانێت لەسەر پێی خۆی رابوەستێت و هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی باشتر بنێت؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من زۆر هاوسۆزم لەگەڵ کورددا بۆ ئەوەی گوزارشت لە ناسنامە و لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان بکەن. بەڵام کاتێك باسی عێراق دەکەین، ئەوا پێموایە پێویستە ئەم وڵاتە لە ماوەی نزیکدا هاوچەشنی وڵاتی کەنەدا ببێتە وڵاتێکی فیدراڵیی راستەقینە. دواتر پێموایە ئەگەر گەنجانی کورد و گەنجانی عێراق خۆیان کۆبکەنەوە و دەست بدەنە کاری ئاشتییانە و بتوانن پارتی سیاسی پێکبهێنن، ئەوا دەرفەتێکی زۆر باش دروست دەبێت بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاری، چونکە ئەوان بەشێکی زۆری دەنگدەران پێکدەهێنن. چونکە ئەگەر بەشی زۆری دانیشتووان لە گەنجان پێکهاتبێت و ئەوانیش لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە پاڵێوراوە باشەکان بدەن، ئەوا گۆڕانکاریی گرنگ بەدی دەهێنن.

*** ئەی مەترسی ئەوەت نییە ئەگەر پێتو پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی سیاسی لە عێراقدا بەردەوام بێت، بەتایبەتی لە دژی عەرەبی سوننە، ئەوا دروستبوونەوە و سەرهەڵدانەوەی گرووپی هاوشێوەی داعش شتێکی حەتمی دەبێت؟**

- من نازانم شتێکی حەتمی دەبێت، یان نا، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانەی حوکمڕانیی داعشیان بینی، بۆیان دەرکەوت ئەو حوکمڕانییە چەند مەترسیدارە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە گرووپی توندڕەوی

**من زۆر هاوسۆزم لەگەڵ کورددا بۆ ئەوەی گوزارشت لە ناسنامە و لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان بکەن. بەڵام کاتێک باسی عێراق دەکەین، ئەوا پێموایە پێویستە ئەم وڵاتە لە ماوەی نزیکدا هاوچەشنی وڵاتی کەنەدا ببێتە وڵاتێکی فیدراڵیی راستەقینە**

**دەبێت پارتە سیاسییەکان پەیوەست نەبن بە سەرکردەکانەوە، بەڵکو دەبێت پابەند بن بە پرەنسیپەکانەوە، کە دەبێت ئەو پرەنسیپانەش بە منداڵان بوترێتەوە لە قوتابخانەکاندا و ئەوەیان فێر بکرێت کە ئێمە هەمووومان بەشێکین لە کۆمەڵگەکە و هەمووومان لە ئادەمەوە سەرچاوەمان گرتووە و ئەگەری هاوکاری یەکتر نەبین، ئەوا یەکتر تێکدەشکێنین**



دیکە دروست دەبن لە ئایندەدا ئەگەر نوخبە و سەرکردە سیاسییەکان بەردەوام بن لە بایەخدان بە بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی خۆیان، نەك بیرکردنەوە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەکە، تاکە ڕێگاش بۆ ناچارکردنیان بۆ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندیی خەڵك بکەنەوە، ئەوەیە کە خەڵکی خۆیان ڕێکبخەن و دەنگ بە کەسانی باش بدەن، بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنەدەست و کەسانی خراپیش لە دەسەڵات دووربخەنەوە لە ڕێی هەڵبژاردنەکانەوە.

*** بە شێوەیەکی گشتی گەشبینیت، یان ڕەشبین بەرامبەر بە ئایندەی ئەم وڵاتە؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بۆچی ئێمە هەموو ڕۆژێك لە خەو هەڵدەستین و درێژە بە ژیان دەدەین، ئەگەر ئەگەری گۆڕانکاری لە ئارادا نەبێت؟ دواتر بۆچی ئێمە ئەم گفتوگۆیە دەکەین ئەگەر هیچ ئومێد و هیوایەك نەبێت؟ بەڵام ئەمە بەوە نابێت خەڵکی دەستەوەستان دابنیشن، بەڵکو دەبێت خۆیان کۆبکەنەوە و قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن. چونکە من باوەڕم وایە ئەگەر خەڵکی خۆیان ڕێکبخەن، ئەوا گۆڕانکاریی زۆر گرنگ ڕوودەدات لە عێراقدا و ئومێد دەکرێت لە ئایندەدا گەشەکردنیش ڕووبدات و سەقامگیرییش بێتەئاراوە، ئەو کاتە کورد و عەرەبیش ڕێککەون لەسەر ئەوەی پەیوەندیی نێوانیان چۆن بێت، ئایا دەیانەوێت بەشێك بن لە یەك وڵات؟ یان خوازیاری ئەوەن ببن دوو وڵاتی جیاواز، یان لە وڵاتێکی فیدراڵیدا پێکەوە بژین، بەڵام پێموایە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە گەنجانی ناوچەی کوردنشین و عەرەبنشین خۆیان ڕێکبخەنەوە و بزووتنەوەیەکی گەورە پێکبهێنن بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاری گەورە.

*** کەواتە زیاتر گەشبینی؟**

- بەڵێ، دەبێت هەنگاوی یەکەم هەڵبژاردنی سەرکردەی باش بێت. دواتر لە چ وڵاتێکی دیکەی عەرەبیدا سەرۆکێکی کورد هەیە؟ ئەمە تەنیا لە عێراقدا هەیە و هەر ئەمەش نیشانەی بەرەوپێشچوونێکی باشە، هەرچۆنێك بێت سەرەتایەك دەستپێکراوە لە عێراقدا، هەڵبژاردن ئەنجام دراوە، ڕاستە بێ کەموکوڕی نییە و زۆر کەس بە ئەنجامەکانی خۆشحاڵ نییە، بەڵام ئەمە دۆخێکی باشترە بە بەراورد بە سەردەمی سەدام، چونکە لە سەروەختی سەدام، ئەگەر دەنگت بەرزبکردایەتەوە، ئەوا دەکوژرایت، هەروەها ئێمە نەماندەتوانی ئەم گفتوگۆیە بکەین، ئەگەر سەددام لە دەسەڵاتدا بوایە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەرەوپێشچوونە. هەمان شت لە ئەمریکاش ڕاستە، واتە ئێمەش لەگەڵ ئەوەدا نین کە ڕێگە لە موسڵمانان بگیرێت بۆ ئەوەی بێنە ئەمریکا، ئێمەش لەگەڵ ئەوەدا نین، منداڵانی کەسانی کۆچبەر لە کەسوکاریان جیا بکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموومان باوەڕمان بە گیانی مرۆیی و بە بەها باشەکان هەیە و دەبێت بەرەنگاری ئەمانە ببینەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاشتییانە، واتە لە ڕێی گفتوگۆوە، نەك توندوتیژییەوە کە دەبێت ئەم بەهایە فێری گەنجەکانمان بکەین.

**لە عێراقدا هەڵبژاردنێک ئەنجام دراوە، بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کەس نەیدەزانی کێ براوە دەبێت، ئەمەش ئاماژەیە بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتی و ڕاستەقینە، چونکە ئەگەر من پێشوەختە بزانم کێ براوە دەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوا ئەمە دیموکراسی نییە**



ڕێبوار تاڵەبانی

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# هەر لایەک دان بەشەرعیەتی بارودۆخی ئێستای کەرکوک بنێت، سبەی نەتەوەکەمان وەک خائین ناوی تۆمار دەکات

## ئەوانەی خیانەتیان لە کەرکوک کرد، ئێستا هەست بە پەشێمانی دەکەن

## بەبێ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی هەرێم هەرگیز کەرکوک وناوچە کوردستانیەکانی دیکە ئارامی و سەقامگیری بەخۆیانەوە نابینن

**زۆربەی چاودێرانی سیاسی لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، کاتێك سەقامگیری بە خۆیەوە دەبینێت، کە هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسی هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە ئەو ناوچانە و لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی عێراقی بە هەماهەنگی و پێکەوە کاربکەن، بەڵام ئایا زەمینەی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە فەراهەم کراوە؟ ئایا هۆکاری دروستبوونی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کەرکوك لە ئێستادا، تەنیا بۆ فاکتی دەستوەردانی دەرەکی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی دۆخی ئێستای کەرکووك بە ناشەرعی و نایاسایی دەزانرێت؟ ئایا لەژێر هەیمەنەی دەسەڵاتێکی شۆڤێنیدا کە زۆربەی بەرپرسانی ئیداریی کورد، بە بیانووی «هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بەشداری لە ریفراندۆم» لە کارەکانیان لادراون، دەکرێت رۆژنەیەك بۆ کاری پێکەوەیی بدۆزرێتەوە؟ ئەمانە و چەند پرسی دیکە سەبارەت بە بارودۆخی کەرکووك لە رووی ئاسایش و ئەو رەفتارە نادەستوورییانەی دژی کورد لەو شارەدا دەکرێت، تەوەری سەرەکیی لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ رێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك پێکدەهێنن.**

*** لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی عێراقەوە، بارودۆخێکی دیکە لە کەرکووك هاتۆتەئاراوە و هەردوو پێکهاتەی عەرەب و تورکمان دەیانەوێت ئاکامی هەڵبژاردن رەتبکەنەوە، ئەمەش بەو مانایەی کوردستانیبوونی کەرکووك رەتبکەنەوە، ئایا ئەمەش یەکێك لە دەرهاویشتە خراپەکانی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر نییە؟**

- ئەو بارودۆخە تازەی لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە لە کەرکووك دروست بووە، ئەو گلەیی و گازندانەیە کە بەرەی تورکمانی دەستی پێکردووە و عەرەبیشیان بۆ ئەو پرسە پەلکێش کردووە و ئامانجی سەرەکیشیان ئەوەیە کە بیسەلمێنن کەرکووك شارێکی کوردستانی نییە، هەر لەم چوارچێوەیەشدا ئاکامی هەڵبژاردنەکە رەتدەکەنەوە. بێگومان ئەوەی ئەوان ئێستا دەیکەن، بە هۆکاری ئەو زەمینە لەبارەیە کە ئێستا بۆیان دروست بووە، ئەگەرنا کوردی کەرکووك بەپێی رێژەی نیشتەجێبوون کە بە فۆرمی خۆراك دیاریکراوە، زۆرینەی شاری کەرکووك پێکدەهێنن، دوای کوردیش عەرەب دیت، بۆیە دەتوانم بڵێم: ئێستا تورکمان لە کەرکووك بەرەو کەمایەتی دەچن، لەبەر ئەوەی زۆربەی تورکمانی کەرکووك روویان لە تورکیا کردووە و ئێستا لە ئەنکەرا و ئەستەنبوڵ نیشتەجێن، بەڵگەشمان بۆ ئەوە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤ تەنیا نزیکەی (١,٢) کورسییەکانی کەرکووکیان بەدەست هێنا و پاشان بە کۆتا بوونە دوو کورسی، واتە تورکمانی شیعە لەکەرکووك رێژەیان زۆر زۆر کەمە و ئەگەر ئەو بارودۆخە نەبوایە، نەدەبوونە خاوەنی دوو کورسی، جا بۆیە بە سوودوەرگرتن لەو بارودۆخەی ئێستای کەرکووك دەیانەوێت ئاژاوە دروست بکەن.

*** ئێوە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکن و ئەو شارەتان بەجێهێشتووە و ناگەڕێنەوە، ئەمە لەکاتێکدا کەسانێك دەڵێن: «کەرکووك ئارامە»، ئایا ئێوە بۆ ناگەڕێنەوە بۆ کەرکووك و لەوێ کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگا راپەڕێنن؟**

- سەبارەت بە نەگەڕانەوەمان بۆ کەرکووك، دوو پرس هەن، کە یەکەمیان (یاسایی و دەستوورییە)، ئەمەش بەو مانایەی ناکرێت دان بە شەرعییەتی ئەو بارودۆخەی ئێستای کەرکووکدا بنرێت، لەبەر ئەوەی د.حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە ١٦ی ئوکتۆبەردا سوپای بەکارهێنا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان، ئەمەش هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن و حکومەتەکانی پێشتری عێراق پەنایان بۆ بردووە. ئەوجا چۆن پێشتر هەندێك کەسایەتی و مەلا، دوای ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن ئەنفال و کیمیابارانی ئەنجامدا و دانیان بەو واقیعەدا نا، بۆ بەرژەوەندیی رژێمی سەدام حوسێن و پاشان خەڵکی کوردستان ئەو خەڵکانەیان بە خائین لە قەڵەم دا، ئەوا ئێمەش بۆ ئەوەی میللەتەکەمان بە خائین لە قەڵەممان نەدات، ئەو واقیعەی ئێستای کەرکووك رەتدەکەینەوە و دانی پێدا نانێین. بۆ ئەمەش لەسەر بارودۆخی کەرکووك سکاڵای یاساییمان لە دادگای فیدراڵی تۆمارکردووە و چاوەڕێی ئەوەین وەڵامی سکاڵاکەمان بدەنەوە. خاڵی دووەمیان (نالەباری و ناسەقامگیریی بارودۆخی ئاسایشی کەرکووکە)، هەر بۆ نموونە پارتێکی وەك پارتی دیموکراتی

**تورکمانی شیعە لەکەرکووک رێژەیان زۆر کەمە و ئەگەر ئەو بارودۆخە نەبوایە، نەدەبوونە خاوەنی دوو کورسی، بە سوودوەرگرتن لەو بارودۆخەی ئێستای کەرکووکیش دەیانەوێت ئاژاوە دروست بکەن**

**ناکرێت دان بە شەرعییەتی ئەو بارودۆخەی ئێستای کەرکووکدا بنرێت، لەبەر ئەوەی د.حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ١٦ی ئوکتۆبەردا سوپای بەکارهێنا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان، ئەمەش هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن و حکومەتەکانی پێشتری عێراق پەنایان بۆ بردووە**

**لەسەر بارودۆخی کەرکووک سکاڵای یاساییمان لە دادگای فیدراڵی تۆمارکردووە و چاوەڕێی ئەوەین وەڵامی سکاڵاکەمان بدەنەوە**

**هەموو بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی گەلی تورکمانی داگیرکراوە و کراونەتە بنکەی سەربازی، ئەمەش پێچەوانەی دەستوورە کە مافی چالاکیی سیاسیی ئازادانە قەدەغە کراوە**

**ماڵی هەموو ئەو ئەندام و کادرانەی کە بە ناچاری هاتوونەتە هەولێر و سلێمانی، لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە داگیر و تاڵان کراون**

**بارودۆخی کەرکووک لە رووی ئاسایش و ئەو رەفتارە نادەستوورییانەی دژی کورد دەکرێت، بەو جۆرە نییە کە خەڵک بتوانێت موجازەفە بکات و بۆ ئەو شارە بگەڕێتەوە**

کوردستان، یان پارتی گەلی تورکمانی کە لەو شارەدا نەماون، هەموو بارەگاکانیان داگیرکراوە و کراونەتە بنکەی سەربازی، بێگومان ئەمەش پێچەوانەی دەستوورە کە مافی چالاکیی سیاسیی ئازادانە قەدەغە کراوە، پاشان ماڵی هەموو ئەو ئەندام و کادرانەی کە بە ناچاری هاتوونەتە هەولێر و سلێمانی، لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە داگیر و تاڵان کراون، بە ماڵی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاشەوە، کە ماڵی منە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بارودۆخی کەرکووک لە رووی ئاسایشەوە ناجێگرە. هەروەها ئەو بەڕێوەبەر و بەرپرسە ئیدارییە کوردانەی لە شارەکەدا مابوون، هەموویان لابراون، یان بە بیانووی ئەوەی پشتگیری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بەشداریی ریفراندۆمیان کردووە، بەندکراون و هەتا ئێستاش بەڕێوەبەری وەربەرهێنان لە بەندیخانەیە، بۆیە بارودۆخی کەرکووک لە رووی ئاسایش و ئەو رەفتارە نادەستوورییانەی دژی کورد دەکرێت، بەو جۆرە نییە کە خەڵک بتوانێت موجازەفە بکات و بگەڕێتەوە بۆ ئەو شارە.

*** دیارە لەو ماوەیەی پێشووش فەرمانی گرتنتان وەك سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەرچوو، ئایا بە چی تۆمەتبار کرابوویت؟**

- بەداخەوە ئەوان زۆر هەوڵیاندا بە تۆمەتی جۆراوجۆری گەندەڵی فەرمانی دەستگیرکردنی من دەربکەن، بەڵام سوپاس بۆ خوا دوور بووین لەو تۆمەتانە و هیچیان دەست نەکەوت، هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کەرکووک، لەسەر ئاستی هەر ١٥ پارێزگاکەی عێراق (بێجگە لە هەرێمی کوردستان) بە پاکترین ئەنجومەن لەقەڵەم دراون، بەڵام دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دروستبوونی ئەو بارودۆخە نەخوازراوە و وەك پێشتریش ئاماژەم بە هۆکاری نەگەڕانەوەم بۆ کەرکووک کرد، بە مەبەستی سیاسی و دوای بێنە و بەردەیەکی زۆر پەنایان بۆ ماددەی ٣٣١ی یاسای عێراقی بردووە کە دەڵێت: کاری خۆی بەجێهێشتووە، گوایە لە سیفەتی ئیداریی خۆمان رامان کردووە و پێویستە دەستگیر بکرێن، بێگومان ئەم تۆمەتەش هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە من هەتا ئێستاش لە کاری خۆم بەردەوامم و مامەڵەی یەك هاووڵاتی دوانەخراوە، مامەڵەی قەزا و ناحیەیەکی کەرکووك دوانەخراوە و هەر کێشەیەکیان هەبووبێت، چارەسەرمان کردووە، بۆیە بەپێی یاسای عێراقی ئێمە لە رووی ئیداری و یاساییەوە دانەبڕاوین، هۆکاری نەگەڕانەوەشمان تەنیا ئەوەیە کە بارودۆخی کەرکووك ناشەرعییە و لە رووی ئاسایشەوە ناجێگرە.

*** ئایا کاتێك ئێوە لە هەولێرەوە کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك رادەپەڕێنن، ئەمە دەبێتە شەرعییەتی ئەوەی ئێوە لە کاری خۆتان بەردەوامن؟**

- بێگومان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا ئێستا لەنێوان ئێمە و وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا نووسراوی فەرمی ئاڵوگۆڕ دەکرێن، پەیوەندیمان لەگەڵ ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکان بەردەوامە و کارەکانیان رادەپەڕێنین، زیاد لەمەش، من فەرمانێکی کارگێڕیم دەرکردووە بەوەی دەبێت هەر فەرمانبەرێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بە جددی کارەکانی خۆی بکات و کەمتەرخەمی نەکات، ئەگەر کەمتەرخەمی لێ دەربکەوێت، لێکۆڵینەوەی کارگێڕی لەگەڵ دەکرێت و رووبەڕووی یاسای دەکەینەوە.

*** کەرکووك لە بەرنامە و پڕۆگرامی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە، ئایا بارودۆخی ئێستای کەرکووك تەنیا هۆکارەکەی بۆ دەستی دەرەکی دەگەڕێتەوە، یان بەشێك لەناوخۆشمان هۆکارن بۆ بارودۆخی ئێستای شارەکە؟**

- بێگومان دەستی دەرەکی کاریگەری لەسەر بارودۆخی ئیستای کەرکووك هەبووە، بەڵام لەناو هەندێك لە حزبە کوردستانییەکانیشدا زەمینەیەك هەبووە بۆ ئەوەی بەشێك لە ئەندامەکانیان لە خیانەت و کرێگرتەیی تێوەبگلێن، بۆ ئەمەش رێگەی راست ئەوەیە ئەو حزبانەی ئەندامەکانیان لەو خیانەتە تێوەگلاون، لە رێگەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی خۆیانەوە لیکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەن، چونکە هیچ سەرکردەیەکی کورد، یان حزبێکی سیاسیی کوردستانی ناتوانێت و جورئەت ناکات کە سازش لەسەر کوردستانییەتی کەرکووك بکات. بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە دیارە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەبێت رێگەچارەیەك بدۆزێتەوە، من گەلێك جار لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر گوتوومە، دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان رێگەیەك بۆ گەڕانەوەی ئەو خەڵکانە بدۆزیتەوە کە لەو خیانەتە تێوەگلاون بۆ ئەوەی نەیارانی کوردستان زیاتر سوودیان لێ وەرنەگرن، بۆ ئەمەش دەکرێت هەمان هەڵوێستی دوای راپەڕینی ١٩٩١

بگیرێتەبەر کە بەرەی کوردستانی لێبووردنی گشتی بۆ ئەو موستەشار و جاش و بەعسییانە دەرکرد کە دەستیان لەگەڵ رژێمی سەدام تێکەڵ کردبوو، ئێستا دەکرێت هەمان شت دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی دوژمن زیاتر سوودیان لێ وەرنەگرێت و دژی کوردستان بەکاریان نەهێنێتەوە، ئەوانەشی لەو خیانەتە تێوەگلاون، دڵنیام ئێستا هەست بە پەشیمانی دەکەن و پەشیمانن لەو خیانەتەی کردوویانە.

*** ئایا تا چەند ئومێدی ئەوە هەیە لە وتووێژی ئەمجارەی لایەنە کوردستانییەکان بۆ بەشداری لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، پرسی کەرکووک ببێتە بەشێك لە دانوستاندنی بەشداریی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا؟ ئێستا هەموو لایەك جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، پێویستە کورد بە یەکگرتوویی بچێتە ئەم پرۆسەیەوە، بەڵام بارودۆخە شتێکی ترە، ئایا تا چەند پەرتەوازەیی هێزە کوردستانییەکان، پرسی کەرکووك ئاڵۆزتر دەکات؟**

- هێندەی چاودێریی بارودۆخەکەم کردبێت، دیارە یەکێتی و پارتی وەك دوو هێزی سەرەکی دەیانەوێت هەردووکیان بە یەك ئامانج لەگەڵ بەغدا وتووێژ بکەن، بەڵام ئەوانیش تا ئێستا بڕیاری ئەوەیان نەداوە، بەوەی ئایا بە یەك شاند دەچن، یان هەر یەکەیان بەشاندی خۆی، حزبەکانی دیکەش کە ئێستا گلەیی و گازندەیان لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن هەیە، لەم قۆناخەدا نایانەوێت لەگەڵ پارتی و یەکێتی ببنە یەك شاند، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەموو رێگەکان داخراون، دەکرێت بەدیلی ژمارە دوومان هەبێت، بۆ ئەمەش کارێکی ئاساییە کۆنفرانسێکی نیشتمانی لە کوردستان گرێ بدرێت، بۆ ئەوەی هەم ئەو لایەنانەی گلەیی و گازندەیان هەیە بێنە ناو ئەو کۆنفرانسە و هەموو پێکەوە چەند خاڵێك دیاری بکەن کە هیچ حزبێك نەتوانێت لێی دەربچێت و هەموو لەسەری رێك بکەون، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر حزبەکان بە شاندی جیاجیاش بچنە بەغدا بە مەرجی سازش لەسەر پرسە نەتەوەییەکان نەکەن، ئەوا ئاساییە.

*** ماوەیەکە باس لە فرۆشتنی نەوتی کەرکووك بە ئێران دەکرێت، ئایا ئێوە ئاگادارن؟ ئەگەر ئاگادارن تاچەند ئەم پرۆسەیە دەستووری و یاساییە؟**

- ئێمە لە یەکەم قۆناخەوە ئاگاداری ئەم پرسەین و لەسەر ئەم پرسەش گلەیی و گازندەی خۆمان راگەیاندووە، بەوەی نابێت لە بواری نەوتدا کە کەرکووك شارێکی بەرهەمهێنەری نەوتە، بەشێوەی تاکلایەنی و تاکرەوی لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەداخەوە وەزارەتی نەوتی عێراق ماددەی ١١٢ی دەستووری عێراقی پێشێل کردووە و هەمانگی ناکەن و بە تاکلایەنە هەنگاویان هەڵگرتووە و ئێستا گەیشتۆتە ئەوەی بە تاکلایەنە نەوتی کەرکووك دەفرۆشن و وەجبەی یەکەمی بۆ ئێران دەستی پێکردووە. بۆیە ئێمە لەسەر ئەم بارودۆخە نارازین، لە قۆناخی یەکەمدا هەتا بارودۆخی سیاسیی عێراق سەقامگیر دەبێتەوە، ئێمە سکاڵاکانی خۆمان دەچەسپێنین، کە وتووێژەکانیش بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەستی پێکرد، داواکارم شاندی کوردستان ئەم پرسە بکاتە ئەولەوییەتی بەرنامەی خۆی، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پێشێلکاری دەستووری نەکرێت.

*** لە ئێستادا باس لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش دەکرێت لە سنووری کەرکووك، ئایا چۆن بارودۆخی ئەمنیی کەرکووك کۆنترۆڵ دەکرێتەوە؟**

- ئێمە وەك ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بە تەحەدداوە دەڵێین، بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم هەرگیز سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت، هەتا هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئاسایش و پۆلیسی هەرێمی کوردستان نەگەڕێنەوە ئەو ناوچانە و لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی عێراقی بە هەماهەنگی پێکەوە کارنەکەن، بۆیە بە بەڵگە ئاسایشی کەرکووك پێویستی بە گەڕانەوەی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسی هەرێمی کوردستانە، هێزەکانی عێراق ئاسایشی ئەو ناوچانەیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت، دەبێت ئەوە بە راشکاوی بڵێین، حەشدی شەعبی و سوپا کە هاتوون بەو نیازەی سەقامگیریی کەرکووك بپارێزین، ئاشکرایە لە ساڵی ٢٠١٤ سوپای عێراق لە بەردەم داعش رووخا، حەشدی شەعبی، ئەویش هێزێکی نامۆیە لە ناوچە کوردستانییەکان و خەڵك ئامادە نییە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەو هێزە نامۆیە بکات، بەڵام بە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایشی هەرێم، ئەوکاتە بارودۆخەکە دەگۆڕێت و خەڵك هارێکاری و هەماهەنگییان دەکات و بارودۆخەکە وەك پێشان سەقامگیر دەبێتەوە، بەبێ ئەمە هەرگیز بارودۆخی ئەو ناوچانە سەقامگیری بۆ ناگەڕێتەوە.

**هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کەرکووک، لەسەر ئاستی هەر ١٥ پارێزگاکەی عێراق (بێجگە لە هەرێمی کوردستان) بە پاکترین ئەنجومەن لەقەڵەم دراون**

**بەپێی یاسای عێراقی ئێمە لە رووی ئیداری و یاساییەوە دانەبڕاوین، هۆکاری نەگەڕانەوەشمان تەنیا ئەوەیە کە بارودۆخی کەرکووک ناشەرعییە و لە رووی ئاسایشەوە ناجێگرە**

**هەتا ئێستا لەنێوان ئێمە و وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا نووسراوی فەرمی ئاڵوویر دەکرێن، پەیوەندیمان لەگەڵ ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکان بەردەوامە و کارەکانیان رادەپەڕێنین**

**دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان رێگەیەک بۆ گەڕانەوەی ئەو خەڵکانە بدۆزێتەوە کە لەو خیانەتە تێوەگلاون بۆ ئەوەی نەیارانی کوردستان زیاتر سوودیان لێ وەرنەگرن**



## پرۆفیسۆر .د. هۆگر مەحموود

### مامۆستای زانکۆی سلێمانی بۆ گوڵان:

# ریفراندۆم هەنگاوێکی مێژووییە و دیکۆمێنتێکە هەر دەمێنێت، ئەو لایەنە سیاسییانەشی پەشیمان بوونەوە، مێژوو بە دیوە خراپەکەیدا هەڵوێستیان بۆ تۆمار دەکات

پرسی خاك و نەتەوە بە درێژایی مێژوو خاڵی هاوبەشی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بووە و لە ئێستادا ساڵێك بە سەر بڕیاری مێژوویی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت. ئەم رووداوە مێژووییە کە دواتر خیانەتی گەورەی ١٦ی ئۆکتۆبەری لێکەوتەوە، هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت. رایەك پێداگری لەسەر دەستوەردانی دەرەکی دەکاتەوە و هەموو رووداوەکە بەو فاکتەوە گرێ دەداتەوە، رایەکیش پەنجە لەسەر پەرتەوازەیی کورد و ململانێی نارەوای ناوخۆیی و سیاسەتی هەڵەی هەندێك لە حزبەکان دادەنێت، کە ئینتیمای نیشتمانییان لاواز کردووە، رایەکی دیکەش ئەو دیاردە ئاڵۆزەی ئێستای گۆڕەپانی سیاسیی کورد بە پاشخانێکی مێژووییە دەبەستێتەوە. بۆ شەن و کەوی ئەو پرسە گرینگە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر .د. هۆگر مەحموود مامۆستای زانکۆی سلێمانی ساز کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** ساڵی پار لە مانگی حوزەیران هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان (بێجگە لە کۆمەڵی ئیسلامی و گۆڕان) بڕیاریان دا لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، پاشانیش هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان (بە گۆڕان و کۆمەڵیشەوە) دەنگیان بە «بەڵێ» بۆ ریفراندۆمەکە دا، بەڵام پاش ئەوەی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر روویدا، بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکان پاکانەیان لە ریفراندۆم کرد، ئایا وەك مامۆستایەکی زانکۆ دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئەم رووداوە مێژووییە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بڕیاری ریفراندۆم یەکێکە لەو بڕیارە گرنگ و مێژووییانەی کە ساڵی پار لەلایەن هێزە کوردستانییەکانەوە بڕیاری لە سەر درا، ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەشی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەم هەنگاوە مێژووییە پەشیمان بوونەوە، ئەگەر لایەنی نەتەوەییان رەچاو بکردایە، نەدەبوو هەرگیز لەو بڕیارە پەشیمان ببنەوە، بەڵام من پێموایە ئەو حزبانە دەنگدانەکەشیان بە بەڵێ لە ریفراندۆمدا جۆرێك لە کوردەناموسی بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوان باش دەزانن کە هەموو میللەتی کورد سەربەخۆیی دەوێت، بۆیە نەیانتوانی دژی رابوەستن، لەلایەکی دیکەوە هەڵگرتنی هەنگاوێکی وەك ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم، هەنگاوێکی زۆر قورسە و بوێریی خۆی دەوێت، بۆیە دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکەیت کە هەنگاوی لەوجۆرە قوربانی دەوێت، بێگومان وەك لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم بینیمان میللەتی ئێمە ئامادەیی تێدا بوو ئەو قوربانییە بدات، ئەمەش لەو رێژە بەرزەی بەشداریی خەڵك رەنگی دایەوە کە دەنگیان بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی»دابوو، بەڵام زۆر بەداخەوە، من گلەییم لە هەموو حزبەکانی کوردستان هەیە، بە هەردوو لایەنی (پارتی و یەکێتی)یشەوە، چونکە ئەگەر هەموو حزبەکان بەپێی پێویستییە نەتەوەییەکان هەنگاویان هەڵبگرتایە، ئەو ژینگە سیاسییە دروست نەدەبوو، کە ئەو هەموو حزبە سیاسییە دروست ببێت، لەگەڵ ئەوەی من زانیاریی وردم لەبەردەست نییە، بەڵام وەك باس دەکرێت، لەناو ئەو حزبانەدا خەڵکانێك هەن کە پاشکۆی وڵاتانی ترن، لەم حاڵەتەشدا هەر ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت کە روویدا، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ریفراندۆم هەنگاوێکی مێژووییە و دیکۆمێنتێکە کە رۆڵی خۆی هەیە و دەمێنێت، ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەشی پەشیمان بوونەوە، ئەوا مێژوو بە دیوە خراپەکەیدا ئەو هەڵوێستەیان بۆ تۆمار دەکات.

*** کێشەی ئێمە وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، کێشەی خاك و ناسنامەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت خاك و ناسنامە پێویستیی هاوبەش و کۆکەرەوەی نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان بێت، بۆچی تا ئێستا خاك و ناسنامە نەبۆتە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی لە باشووردا؟**

- پرسی خاك و نەتەوە بە درێژایی مێژوو خاڵی هاوبەشی ناو مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بووە، ئەگەر سەرنج بدەین، هەر لە شێخ سەعیدی پیرانەوە تا دەگاتە رۆژگاری شێخ مەحموود، ئامانجی نەتەوەیی ئێمە سەربەخۆیی بووە، بەڵام بەداخەوە لەماوەی ٢٧ ساڵی دوای راپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لایەنێکی سەرەکی فەرامۆش کراوە، کە ئەویش لایەنی پەروەردەیی نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئەگەر بە نموونە باسی وڵاتێکی وەك سوید بکەین، کە یەکێکە لە پێشکەوتووترین دەوڵەتانی ئەسکەندیناڤی و ئاستێکی زۆر بەرزی لە رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە، ئەگەر سەیریان بکەین، ئەوکات دەزانین چۆن رێز لە ئاڵا و زمان و کولتووری خۆیان دەگرن، ئەوان لە باخچەی ساوایانەوە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لەناخی تاکەکاندا بڕوێنن، لەسەر ئاستی خێزان کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە دەبێت وڵات و زمان و کولتووری خۆیان خۆش بوێت، بەڵام با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا ئێمە لەم بوارەدە چیمان کردووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە بێگومان بە قسە دەڵێن ئێمە وامان کردووە و پەیڕەو و پرۆگرامی سیستمی خوێندمان گۆڕیوە، بەڵام با لەباری پراکتیکدا سەیری بکەین، ئایا کام لایەن هەوڵیداوە کە منداڵێکی کورد بەوجۆرە پەروەردە بکات، لە کاتێکدا کە بینی ئاڵایەکی کوردستان لەسەر زەوی کەوتووە، هەڵیبگرێتەوە و بە پیرۆزی بزانێت؟ ئەمە مانای ئەوەیە لەماوەی ٢٧ ساڵی رابردوودا نەمانتوانیوە تاکی کورد بەو شێوەیە پەروەردە بکەین کە ئاڵاکەی بە پیرۆزی سەیر بکات، هەروەها ئەگەر سەیری ئەو بۆنانە بکەین کە رێکدەخرێن، زۆر جار لەو بۆنانەدا بە دەیان ئاڵای کوردستان دەبینین لەسەر زەوی کەوتوون و کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە، کەواتە لێرەدا دەمەوێت بڵێم، ئەگەر سەیری حزبەکانی کوردستان

**ئەو حزبانەی دژی بوون و دەنگیان بە «بەڵێ» لە ریفراندۆم دا، جۆرێک لە کوردەناموسی بوو، چونکە باش دەیانزانی کە هەموو میللەتی کورد سەربەخۆیی دەوێت، بۆیە نەیانتوانی دژی رابوەستن**

**ئەگەر هەموو حزبەکان بەپێی پێویستییە نەتەوەییەکان هەنگاویان هەڵبگرتایە، ئەو ژینگە سیاسییە دروست نەدەبوو، کە ئەو هەموو حزبە سیاسییە دروست ببێت**

**بەردەوام یەکنەگرتوو بووین، هەر بۆیە تا ئێستاش رۆژانە و بە بەر چاوی جیهان و مافی مرۆڤەوە لاوەکانمان دەکرێن بە پەتی سێدارەوە، یاخود داگیرکەران بە ئاشکرا دژایەتی کورد و خواستەکانی دەکەن**

**کاتی خۆی کە پڕۆژەی دەستووری کوردستان بڵاوکرایەوە، من ئەوەم نووسی کە پێویستە لە دەستووری کوردستاندا دەقێک هەبێت پێناسەی تاوانی گەورە بکات، ئەگەر ئەوە بکرایا، ئەوا رەنگە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر رووی نەدایە**

**دەکرێت لە دەستووری کوردستاندا پێناسەی خیانەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێت، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت خیانەتی نەتەوەیی نیشتمانی بکات**

**دەبێت سیستمی پەروەدەی ئێمە تاکی کورد بەو شێوەیە پەروەردە بکات، کە نەتەوەی کورد وەک یەکەیەکی مرۆڤایەتی لەناو بازنەی مرۆڤایەتی سەیر بکات و کاتێک خزمەتی نەتەوەکەی خۆی دەکات گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی دەکات**

**نەتەوەی ئێمە تا ئێستاش بابردەڵەی بەردەم ئایدیۆلۆژییەکانە، هەروەها نەتەوەی ئێمە لەبەر ئەوەی بە درێژایی ٢٥٠٠ ساڵ ژێردەستە بووە، بۆیە جۆرێک لە هەستی خۆ بە کەم زانینی تێدا خولقێنراوە،**

**ئەگەر سەیری ئەو خەڵکانە بکەین کە ئێستا حزبەکان دیانکەنە نوێنەری خۆیان و دەیانئێرن بۆ پەرلەمانی عێراق و بەراوردیان بکەین بەو خەڵکانەی کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوو لە پەرلەمانی عێراق نوێنەرایەتیی کوردیان کردووە، دەزانین جیاوازییەکان چەند زۆرن**

بکەین، زۆر بەداخەوە هەندێکیان بەو جۆرە قسە دەکەن، وەک ئەوەی ئێمە غەدرمان لە دەوڵەتی عێراق کردبێت، ئەگەرنا ئەوان باش بوون، ئەم پەیامە چی پێدەڵێن؟ بێگومان ئەمە حزبایەتی نییە و وەک دەڵێن ئاو دەکاتە ئاشی داگیرکەرانی کوردستانەوە، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جددی هەڵوەستە لەسەر ئەم لایەنە بکات و بایەخ بە پەروەردە بدات و بە ئاراستەی نەتەوەیی پرۆگرامی خۆی دابرێژێتەوە. پرسیاری من ئەوەیە: ئایا لەماوەی ٢٧ ساڵی رابردوودا چ بەرهەمێکی هونەری بەرهەم هاتووە کە جیهان بە هۆی ئەو بەرهەمەوە نەتەوەکەی من بناسێت و ئەو هەموو کوێرەوەرییەی ئەنفال و کیمابارن ببینێت کە بەسەر ئەم نەتەوەیەدا هاتووەو هەمووشی لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بەسەریدا هاتووە؟ لێرەدا کە ئەم قسانە دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە هەموو حزبەکان بەیەک چاو و یەک پێوانە سەیر بکەین، بەڵام لە بواری پەروەردەی تاکدا و لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابردوودا وەک پێویست هەنگاو بۆ ئەم پرسە گرنگە هەڵنەگیراوە.

*** ئایا تاچەند رەفتاری نابەرپرسیارانەی حزبەکان بۆتە هۆکاری لاوازیی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی لای تاکەکانی کوردستان؟**

- لە کوردەواری خۆماندا پەندێکی نەستەق هەیە کە دەڵێت: «گەورە ئاو دەرێژێت و بچووک پێی لێ دەخشێنێت.» ئەوجا ئەگەر لەم پەندەوە سەرنج بدەین، کاتێک خەڵک بە چاوی خۆی دەبینێت بەرپرسێکی حزبی لایەکی شارێکی داگیرکردووە و چەندین کۆمپانیای هەیە، کاتێک دۆسیەی تاوانبارێک دەچێتە دادگا و فلان بەرپرس دەستێوەردان دەکات و رەوتی دادگاکان دەگۆڕێت و زۆر جاریش ئەو دۆسییە هەر دادەخرێت، دیارە خەڵکی ئێمەش بێزار دەبێت لەوەی پێی بڵێن چاو لە کێ بکات، هەربۆیە ئێمە بمانەوێت، یان نەمانەوێت، لە سروشتی مرۆڤدا دیاردەی چاولێکەری هەیە، بۆیە کاتێک نموونەکانت دەبێت بەمجۆرە لە بەرپرسە حزبییەکان، ئەوا بێگومان خەڵک بێزار دەبێت و لەوانەیە گاڵتەش بە زۆر پرسی نەتەوەییش بکات، بەداخەوە ئێستا ئێمە گەیشتووینەتە ئەو قۆناخە، ئەگەرنا لە ساڵانی پێش راپەڕین دەمانبینی چۆن ئەو هەموو لاوە قارەمانەی کوردستان دەچوونە بەر پەتی سێدارە لە پێناوی پاراستنی شکۆی نەتەوەیی و نیشتمانیمان، بەڵام لەدوای راپەڕینەوە کە ئەم نموونە ناشیرینانە دەرکەوتن و گەیشتنە ئەوەی نموونەکان زۆر ناشیرین بن، ئەوا جۆرێک لە بێ هیوایی لای تاک دروست کردووە، بۆیە ئەگەر خوانەخواستە ئەمە بەردەوامی هەبێت، دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکەین، کاری دزێویش بکرێت، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری ئەو وڵاتانە بکەین کە توانیویانە نەتەوەی خۆیان رزگاربکەن و بەرەو قۆناخێکی شایستە و پێشکەوتنی بەرن، دەبینین سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە وەک پێشمەرگەکانی ئێمەی سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو کاریان کردووە، ئەگەر بە نموونە سەیری دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بکەین، دەبینین وڵات هەیە ٢٥ ساڵ لەمەوپێش دواکەوتووترین وڵاتی جیهان بووە، بەڵام ئێستا یەکێکە لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، لێرەدا دەبێت پرسیار لەخۆمان بکەین، ئایا بەچی گەیشتنە ئەو پێشکەوتنە؟ دیارە وەک یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: «کاتێک بووم بە سەرکردە سەیرم کرد، من دوو بژارەم لەبەردەمدایە، یەکەمیان ئەوەیە بیر لەوە بکەمەوە خۆم و کەسوکارەکەم دەوڵەمەند بکەم و ئایندەیان بۆ مسۆگەر بکەم، بژارەی دووەمیش ئەوە بوو کە بیر لەوە بکەمەوە کە نەتەوەکەم لەم نەهامەتییە رزگار بکەم، بۆیە من بژارەی دووەمم هەڵبژارد.» ئەمە پەندێکە بۆ ئێمەش کە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە میللەتەکەمان لەم نەهامەتییە رزگار بکەین.

*** ئایا تاچەند سیاسەتی هەڵەی حزبەکان هۆکاری هاندەر بووە بۆ لاوازیی ئینتمای نیشتمانی؟ یان ئایا بۆ ئەو دیاردەی ئێستا هەستی پێدەکرێت پاشخانێکی مێژوویی هەیە؟**

- بۆ ئەم دیاردەیە کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە بوونە هاندەر بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە بێتەئاراوە، یەکێک لەوانە سیاسەتی چەوتی حزبایەتییە کە بووە هۆکاری ئەوەی ئەو هەموو خەڵکەیان کرد بە مووچەخۆر و باری خۆیان قورس کرد و بیریان لەوە نەکردەوە رۆژێک دێتە پێشەوە، ئەوجا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، ناتوانن مووچە دابین بکەن و لە ئاکامی دابین نەکردنی مووچەشدا خەڵک برسی دەبێت و گوزەرانی قورس دەبێت و سەرەنجامیش ماڵ و منداڵی خۆی پێ بەخێو ناکرێت، کەواتە هەڵەی حزبەکان بە تایبەتی (پارتی و یەکێتی) کە بۆ مەرامی حزبی هەموو خەڵکی کوردستانیان کرد بە مووچەخۆر، دیارە یەکێک لەو دەرهاویشتە خراپانەشی ئەوە بوو کە لە بارودۆخێکی تایبەتدا حکومەت ناتوانێت مووچە

دابین بکات، ئەمەش وادەکات خەڵك بێ ئومێد و بێ هیوا بێت، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە دەبێت راشکاوانە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەویش جۆرێك لە هاندانە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستانەوە بۆ ناشیرینکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە دەوروبەرمان وڵاتانی داگیرکاری کوردستانن و ئێستا هیچ گومان لەوە نییە کە سیخوڕی ئەو وڵاتانە لەناو دامەزراوەکانی ئێمەدا بوونیان هەیە و ئەمانە هەموویان کار بۆ ئەوە دەکەن کە تاکی کوردستان ئینتمای لاواز بێت و خۆی بە بێ ئیرادە بزانێت، لەمەشدا زۆر جار وەك دەڵێن تاکی کورد لەبەرامبەر ئەم حزبانە ئیرادەی خۆی بە سفر دەزانێت، بۆیە چاوی لەوەیە بزانێت ئەمریکا، یان لایەنێکی دەرەکی چی پێ دەڵێت، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری مێژووی ئەم ٦٠-٧٠ساڵەی جووەکان بکەین، کە توانییان دەوڵەتی خۆیان دروست بکەن، زۆر جار ئێمەیان واتێگەیاندووە کەوا ئینگلیز پشتیوانیان بووە، بۆیە توانییان دەوڵەتی خۆیان دروست بکەن، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە جووەکان دژایەتی ئینگلیزیان کرد بۆ ئەوەی خۆیان دروست بکەن و ببن بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، هەر بۆیە ئەگەر سەیری ئەم مێژووە بکەین، دەبینین لە ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، یەکەمین کاریان ئەوە بوو، چی بکەن بۆ ئەوەی زمانەکەیان بکەنە زمانێکی زیندوو، ئاشکرایە زمانی عیبری پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، زمانێکی مردوو بوو، تەنیا هەندێك خەڵك قسەیان پێدەکرد، کە دەقەکانی ئایینی یەهودیان پێ دەخوێندەوە، بەڵام ئەوان ئەو زمانەیان زیندوو کردەوە. با پرسیار لە خۆمان بکەین: ئێمە لەم بوارە چیمان کردووە؟ بێگومان ئێمە لەماوەی ٢٧ ساڵی رابردوو هاتین ئەوەی رێچکەی ستاندەری زمانی خۆمان بوو، سستمان کرد، بۆیە ئەم ئاراستەیەی ئێمە وای کرد، یەکەم: خەڵکی ئێمە خۆی بە ئیرادە بزانێت، دووەم: بە شێوەیەك بیر بکاتەوە کە ئێستا دەیبینین، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەم حاڵەتە نەخوازراوە تێپەڕێنین، دەبێت هەنگاوی یەکەم خۆمان هەڵبیگرین، دەبێت تاکی نەتەوە بەو ئاراستەیە پەروەردە بکەین، کە لە هەموو روویەکەوە بڕوای بەخۆی هەبێت.

*** لەسەر ئاستی گوتاری میدیایی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەست دەکرێت جۆرێك لە زمانی زبر و شەڕەجنێو بۆتە گوتاری باو، ئایا ئەمەش دەرهاویشتەی سیاسەتی هەڵەی حزبەکانە، یان هۆکاری دیکەشی لە پشتەوە هەیە؟**

- ئەوەی من سەرنجم داوە، لەو کاتەوەی هەموو حزبەکان بوونەتە خاوەنی کەناڵ و رادیۆ و ئەو هەموو بڵاوکراوە بێ سەروبەرەی هەیانە و هەر یەکەیان بە ئاراستەیەك بەرەو لای خۆی رایدەکێشێت، ئەمە وایکردووە چوارچێوەیەك نەبێت بۆ گوتاری میدیایی نیشتمانی، هەروەها سنوورێك نەبێت بۆ پاراستی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، ئەم دیاردەیە بەشێوەکی گشتی لە دوای راپەڕینەوە و بە شێوەیەکی تایبەتی لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، ئێمە لە کوردستان بەناو ئازادی کاری لەسەر دەکەین و برەوی پێدەدەین، بۆیە ئەگەر لێرەدا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا مانای ئازادی لە جیهاندا بەمشێوەیەیە؟ بێگومان لەهیچ شوێنکی دنیادا ئەمە نییە کە میدیا بەناوی ئازادییەوە هەموو شتێك ژێر پێ بنێت و هیچ سنوورێك نەمێنێت بۆ پاراستنی پیرۆزییەکان، لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی لای ئێمە کراون بە راگەیاندکار و کراون بە بەرپرسی هۆیەکانی راگەیاندنی بینراو، بیستراو و نووسراو، ئایا خۆیان لەو ئاستەدان کە بتوانن سنوورێکی ئیتکی بۆ پاراستی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دابنێن؟ یان ئایا خۆیان گونجاون بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی ئەو هۆیانەی راگەیاندن وەربگرن؟ دیارە کاتێك بارودۆخەکە بەمجۆرە بێت، ئەم پاشاگەردانییەی ئێستای لێ دەکەوێتەوە کە هەموومان دەیبینین، کە هەر لایەنێك بەلای خۆیدا رایدەکێشێت و گەیشتۆتە ئەو رادەیە ئەوەی لە کوردستان پێی دەگوترێت: «ئازادیی میدیا» لە خانەی بەرەڵایی و بێسەروبەریدا نەبێت، جێگەی نابێتەوە، سەیری رۆژنامەنووسانی وڵاتانی جیهان بکەن، ئایا شتێك باس دەکەن، دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان بێت؟ بەڵام لێرە بەداخەوە هەموو شتێك دەگوترێت. بۆیە من وای دەبینم لە هەر وڵاتیکدا پلەی تێدا وەلانرا، رێزی مامۆستا شکێندرا، قووتی خەڵك وای لێ بێت کە خەڵك ئومێد بۆ رۆژگاری بخوازێت کە شمشێری دوژمنەکەمان لەسەر ملی هەمووومان بوو، ئەوا لەم حاڵەتە لەناو خەڵکی ئاساییدا خەڵکانێك دروست دەبن کە رەحمەت بۆ ئەوانە بنێرێت کە داگیرکار و بکوژی ئێمە بوون، لەوانەی خەڵکانێك لە وەڵامی ئەم قسانەی من بڵێن، ئەی چۆن رووسەکان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا گەیشتنە ئەو حاڵەتەی گۆشتی مرۆڤە مردووەکانی خۆیان بخۆن و تەسلیمی نازی نەبوون؟ لە وەڵامی ئەوەدا

**لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق مەلای گەورە نوێنەرایەتی کوردی کردووە لە ئەنجومەنی ئەعیانی عێراقی، لەساڵی ١٩٢٥ کەسایەتی وەک ئیسماعیل بەگی رەواندوز و ئەمین زەکی بەگ نوێنەرایەتی کوردیان کردووە، لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو کەسایەتی وەک مسعود محەمەد ئەندام پەرلەمان بووە**

**ئێستا حزبەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان کەسانێک دەنێرن تەنیا بۆ دژایەتیکردنی حزبی دیکەیە، بۆ عێراقیش کەسانێک دەنێرن کە هەندێکیان تەنیا لەبەر خاتری خاترانە و بۆ دەوڵەمەندکردنیانە لەسەر حیسابی کوێرەوەرییەکانی نەتەوەی کورد، نەک ببنە دەنگی نەتەوە لەو کایە گرنگەدا**

**ئەم ئەزموونەی ئێمە لەگەڵ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە خراپ نییە، بەڵام کەلێن و کەموکورتی زۆری تێدایە، ئەوانەی دڵسۆزن بەردەوام ئەم راستییانە بە حکومەتی خۆیان دەڵێن، بەڵام کێشەکەیان ئەوەیە کەس گوێیان لێ ناگرێت**

**لەهیچ شوێنکی دنیادا ئەمە نییە کە میدیا بەناوی ئازادییەوە هەموو شتێک ژێر پێ بنێت و هیچ سنورێک نەمێنێت بۆ پاراستنی پیرۆزییەکان**

**هەموو حزبەکان بوونەتە خاوەنی کەناڵ و رادیۆ و ئەو هەموو بڵاوکراوە بێ سەروبەرەی هەیانە و هەر یەکەیان بە ئاراستەیەک بەرەو لای خۆی رایدەکێشێت، ئەمە وایکردووە چوارچێوەیەک نەبێت بۆ گوتاری میدیایی نیشتمانی، هەروەها سنوورێک نەبێت بۆ پاراستی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان**

**سەیری مێژووی ئەم ٦٠-٧٠ساڵەی جووەکان بکەین، کە توانییان دەوڵەتی خۆیان دروست بکەن، زۆر جار ئێمەیان واتێگەیاندووە کەوا ئینگلیز پشتیوانیان بووە، بۆیە توانییان دەوڵەتی خۆیان دروست بکەن، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە جووەکان دژایەتی ئینگلیزیان کرد بۆ ئەوەی خۆیان دروست بکەن و ببن بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان**

**دەوروبەرمان وڵاتانی داگیرکاری کوردستانن و ئێستا هیچ گومان لەوە نییە کە سیخوڕی ئەو وڵاتانە لەناو دامەزراوەکانی ئێمەدا بوونیان هەیە و ئەمانە هەموویان کار بۆ ئەوە دەکەن کە تاکی کوردستان ئینتمای لاواز بێت و خۆی بە بێ ئیرادە بزانێت**

دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین کە قارەمانیەتی ئەو خەڵکە پەروەردەی لە پشت بوو، بەڵام ئێمە پێش هەموو شت پێمان لە پەروەردە ناوە. لێرەدا پرسیار دەکەم: ئایا ئەوەی پێی دەڵێن خوێندی باڵا لە کوردستان، بە راستی خوێندنی باڵایە؟ ئایا ئەوەی ناومان لێناوە تواناسازی و ئەو هەموو خەڵکەمان رەوانەی زانکۆکانی دەرەوە کرد، ئایا ئەو خەڵکانەمان بەپێی پێداویستیی نەتەوەیی خۆمان ناردووە؟ بۆیە من پێوایە ئێمە لە پاشاگەردانییەکی زۆر سەیردا دەژین، بەڵام هەر چۆنێك بێت وەك ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت: «خراپترین حوکمڕانی خۆم لە باشترین حوکمڕانی داگیرکەران بە باشتر دەزانم.» منیش دەڵێم هەر چۆنێك بێت، ئەمە حوکمڕانی خۆمە، بەڵکو ئینشاڵڵا سبەی ئەوانەی سەرۆکایەتیی ئەم حوکمڕانییە دەکەن، بیرێك بکەنەوە و وەرچەرخانێك دروست بکەن. بۆیە لەم روانگەیەوە دەڵێم، ئەم ئەزموونەی ئێمە لەگەڵ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە خراپ نییە، بەڵام کەلێن و کەموکورتی زۆری تێدایە، ئەوانەی دڵسۆزن بەردەوام ئەم راستییانە بە حکومەتی خۆیان دەڵێن، بەڵام کێشەکەیان ئەوەیە کەس گوێیان لێ ناگرێت، یان کاتێك دەیانەوێت بەرپرسەکان ببینن و راستەوخۆ کەموکوڕییەکانیان پێ بڵێن و هاوکارییان بکەن، بەڵام سەد ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت و رێگە نادرێت کە بەرپرسە باڵاکان ببینن.

*** لە مێژووی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا، کاتێك نەتەوەیەك دوچاری کارەساتێك دەبێت، دەستەبژێری روناکبیر هەوڵدەدەن کە تاکەکانی نەتەوە لەدەوری ئاڵاکەیان کۆبکەنەوە، بەڵام ئێمە وێڕای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەرماندا هاتووە، لە ناوخۆماندا هەوڵێکی لەمجۆرە هەستی پێناکرێت، ئایا چۆن دەست بەم هەڵمەتە بکەین؟**

- پێش هەموو شت ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر کورددا هاتووە، هەمووی بە دەستی داگیرکەرانی کوردستان بووە، یان دەستی داگیرکەرانی کوردستانی لەپشتەوە بووە، لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش، من بەش بەحاڵی خۆم گوتوومە ئەنجامدانی ریفراندۆم هەنگاوێکی زۆر گرنگی مێژووی بووە، بەڵام ئێمەی رۆشنبیر، یان ئەکادیمی چی بکەین، کە حزبەکانی کوردستان بارودۆخێکیان دروستکردووە کە ئەو خەڵکە بێجگە لە حزبەکەی خۆی گوێ لەکەسی دی نەگرێت؟ هەروەها چی بکەین کاتێك میدیا چاوپێکەوتنێکت لەگەڵ دەکات، ئەو دێت لەناو قسەکاندا ئەوەی خۆی بەدڵی بێت، بڵاوی دەکاتەوە و ئەوەی دیکە فڕێ دەدات؟ ئەمە وایکردووە کە دەنگی میللەتی ئێمە نەبیسترێت، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەیری ئەو خەڵکانە بکەین کە ئێستا حزبەکان دەیانکەنە نوێنەری خۆیان و دەیاننێرن بۆ پەرلەمانی عێراق و بەراوردیان بکەین بەو خەڵکانەی کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوو لە پەرلەمانی عێراق نوێنەرایەتیی کوردیان کردووە، دەزانین جیاوازییەکان چەند زۆرن. لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق مەلای گەورە نوێنەرایەتی کوردی کردووە لە ئەنجومەنی ئەعیانی عێراقی، لەساڵی ١٩٢٥ کەسایەتی وەك ئیسماعیل بەگی رەواندز و ئەمین زەکی بەگ نوێنەرایەتی کوردیان کردووە، لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو کەسایەتی وەك مسعود محەمەد ئەندام پەرلەمان بووە، بەڵام ئێستا حزبەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان کەسانێك دەنێرن تەنیا بۆ دژایەتیکردنی حزبی دیکەیە، بۆ عێراقیش کەسانێك دەنێرن کە هەندێکیان تەنیا لەبەر خاتری خاترانە و بۆ دەوڵەمەندکردنیانە لەسەر حیسابی کوێرەوەرییەکانی نەتەوەی کورد، نەك ببنە دەنگی نەتەوە لەو کایە گرنگەدا.

*** ئەگەر چاوێك بە مێژووی سیاسیی خۆماندا بخشێنینەوە، دەبینین لە هەموو قۆناخێکدا ئایدیۆلۆژیەتێکی چەپ، یان ئیسلامی، هاتۆتە ناو بزافی رزگاریخوازیی کوردستانەوە، ئایا ئەم رەوتە ئایدیۆلۆژییە تاچەند کاریگەری لەسەر هەستی نەتەوەیی تاکی کوردستان هەبووە؟ ئایا ئەم رەوتە بۆچی لەناو بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستاندا برەوی هەبووە؟**

- پێش هەموو شت هۆکاری بوونی بەردەوامی ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژییانە ئەوەیە کە نەتەوەی ئێمە تا ئێستاش بابردەڵەی بەردەم ئایدیۆلۆژییەکانە، هەروەها نەتەوەی ئێمە لەبەر ئەوەی بە درێژایی ٢٥٠٠ ساڵ ژێردەستە بووە، بۆیە جۆرێك لە هەستی خۆ بە کەم زانینی تێدا خولقێنراوە، لێرەدا ئاماژە بە بیرەوەرییەکانی رەوانشاد دکتۆر مستەفا زەڵمی دەکەم کە نووسیویەتی: «لە مێژوودا ئێمە مەلای زۆر گەورەمان هەبووە کە بەشێکیان زۆر لە ئیمامی شافعی لە زانستی ئیسلامیدا شارەزاتر بوون، بەڵام نەیوێراوە شتێك بڵێت، خۆ ئەگەر بیشگوتایە، ئەوا خەڵکەکەی خۆمان بەو جۆرە گوێی لێ نەدەگرت، وەك ئەوەی گوێ لە ئیمامی شافیعی دەگرت.» هەروەها کاتێك لە سییەکانی سەدەی رابردوو حزبی شیوعی عێراق دامەزرا، لە چل

و پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، ئێمە خەڵکانێکمان هەبوو کە ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بوو، لە روانگەی پێناسەکردنی ستالینەوە بۆ نەتەوە، بە ئاشکرا دەیگوت، کورد نەتەوە نییە، ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەی ستالین گوتوویەتی نەتەوە دەبێت ئابوورییەکی یەکگرتووی هەبێت، ئەو جۆرە خەڵکانە ئەو قسەیان دووبارە دەکردەوە، بەبێ ئەوەی بیر بکەنەوە، باشە نەتەوەی داگیرکراو چۆن ئابووریی یەکگرتووی دەبێت؟ پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە: ئایا لە هەموو جیهاندا تاکێك هەیە، خۆی بڵێت: من نەتەوەم نییە؟ دیسان لێرەدا ئاماژە بە نموونەی جووەکان دەکەمەوە، ئاشکرایە جووەکان خەڵکی زۆر ناسراو و بیرمەندیان لەناو کۆمۆنیستەکان هەبووە، هەروەها خەڵکی ناسراو و بیرمەندیشان لەناو دیموکراتیشدا هەبووە، ئایا جوویەك گوتوویەتی: «ئێمە نەتەوەمان نیە؟» بەپێچەوانەوە، ئەوان لەناو هەموو ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکاندا ئیشیان بۆ خۆیان کرد و دەیانگوت: ئێمە یەکەیەکین لەناو بازنەی مرۆڤایەتی، هەر بۆیە کاتێك من کار بۆ یەکەی جوو دەکەم، وەك ئەوایە کار بۆ هەموو بازنەی مرۆڤایەتی بکەم، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی ئێمە هەڵگری هەر ئایدیۆلۆژیەتێك بن، نەتەوەکەی خۆیان دەکەن بە قوربانی ئایدیۆلۆژیەتەکە، لێرەدا ئەگەر سەیری هەندێك لەوانە بکەین کە بوونە هەڵگری ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسی، هەر بۆ نموونە پێغەمبەر (د.خ) لە یەکێك لە فەرموودەکانی دەڵێت: «من حق الولد على الوالد أن يحسن إسمه...»، واتە مافی کوڕ و کچ لەسەر باوك ئەوەیە کە ناوێکی باشی لێ بنێت، بەڵام ئەمە چ بەڵایەکی خوایە خەڵکانێك هەن لە کوردستاندا هانی خەڵکی دەدەن ناوی عەرەبی لە منداڵەکانیان بنێن. یان دەڵێن نابێت بڵێن (بەیانیت باش) و دەبێت بڵێیت (سلام و عليكم)، هەروەها لە پەرلەمانی کوردستان ١٠٢ واژوو کۆکرابۆوە بۆ ئەوەی خوێندن بکرێت بە ئینگلیزی، دیارە لە ئەزموونی هیچ نەتەوەیەکدا شتی وا نییە، بەتایبەتی ئێمە کە قوربانییەکی زۆرمان لە پێناوی زمانەکەماندا داوە.

*** ئایا چۆن دەتوانین رێگەچارەیەك بۆ ئەم بڕوا بەخۆنەبوونەمان بدۆزینەوە؟**

- ئەمە چەندین بواری جیا جیا دەگرێتەوە، لەوانە ئەگەر باسی پەرلەمان بکەین، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە دەیاننێرن بۆ پەرلەمانی عێراق، دەبێت بزانین ئایا ئەم کەسە گونجاوە بۆ ئەو ئەرکە؟ دڵنیا بین لەوەی کە ئەو کەسە بەرگری لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان دەکات، لایەنێکی دیکە کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین و جەختی لەسەر بکەینەوە، لایەنی پەروەردەیە، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت سیستمی پەروەدەی ئێمە تاکی کورد بەو شێوەیە پەروەردە بکات، کە نەتەوەی کورد وەك یەکەیەکی مرۆڤایەتی لەناو بازنەی مرۆڤایەتی سەیر بکات و کاتێك خزمەتی نەتەوەکەی خۆی دەکات گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی دەکات. هەروەها دەکرێت لە دەستووری کوردستاندا پێناسەی خیانەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێت، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت خیانەتی نەتەوەیی نیشتمانی بکات، کاتی خۆی کە پڕۆژەی دەستووری کوردستان بڵاوکرایەوە، من ئەوەم نووسی کە پێویستە لە دەستووری کوردستاندا دەقێك هەبێت پێناسەی تاوانی گەورە (خيانة العظمى) بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو کاتێك تۆ ئەمە پێناسە دەکەیت و دەبێتە ماددەیەك لەناو دەستووری کوردستاندا، ئەوا ئەو کاتە کارەساتێکی وەك ئەو کارەساتەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر لە کەرکووك روویدا، لەوانە بوو رووی نەدایە، یان هەتا ئەگەر رووشی بدایە، ئەوکاتە میللەت بە جۆرێکی دیکە هەڵوێستی لەبەرامبەر وەردەگرت، بەڵام چونکە ئەمەمان نەکردووە، ئەوا هەر یەکە و بە جۆرێك سەیری دەکات و حزبەکەی خۆیشی هەزار و یەك بیانووی بۆ دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی پینەی بکات. لێرەدا ئەگەر وەك نموونە باسی ئێران لە سەروەختی شەڕی ئێران – عێراق بکەین، بێگومان حزبی تودەی ئێرانی تاسەر ئێسقان دژی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە، بەڵام کە جەنگەکە دەستی پێکرد، زۆر لە ئەندامانی حزبی تودەی ئێرانی وەك خۆبەخشێك دەچوون بەشداری شەڕیان دەکرد و ئێرانیان دەپاراست، ئەوان دەیانگوت کاتێك دژایەتی، یان هێرش کرایە سەر خاکی نیشتمان، ئەوا هەموو شتەکانی دیکە دەبن بە لاوەکی، بەڵام ئایا لە ئێستای کوردستاندا حزبی سیاسی نییە حەز بکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕووخێت؟ بۆیە لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو دێڕە شیعرەی جگەرخوێن کە دەڵێت: «ئەگەر نەبینە یەك. تیادەچین یەك یەك»، ئێمە وەك کورد بەردەوام یەکنەگرتوو بووین، هەر بۆیە تا ئێستاش رۆژانە و بە بەر چاوی جیهان و مافی مرۆڤەوە لاوەکانمان دەکرێن بە پەتی سێدارەوە، یاخود داگیرکەران بە ئاشکرا دژایەتی کورد و خواستەکانی دەکەن.

**سیاسەتی چەوتی حزبایەتییە کە بووە هۆکاری ئەوەی ئەو هەموو خەڵکەیان کرد بە مووچەخۆر و باری خۆیان قورس کرد و بیریان لەوە نەکردەوە رۆژێک دێتە پێشەوە، ئەوجا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، ناتوانن مووچە دابین بکەن و لە ئاکامی دابین نەکردنی مووچەشدا خەڵک برسی دەبێت و گوزەرانی قورس دەبێت**

**حزبەکانی کوردستان بکەین، زۆر بەداخەوە هەندێکیان بەو جۆرە قسە دەکەن، وەک ئەوەی ئێمە غەدرمان لە دەوڵەتی عێراق کردبێت، ئەگەرنا ئەوان باش بوون، ئەم پەیامە چی پێدەڵێن؟ بێگومان ئەمە حزبایەتی نییە و وەک دەڵێن ئاو دەکاتە ئاشی داگیرکەرانی کوردستانەوە**

**بەداخەوە لەماوەی ٢٧ ساڵی دوای راپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لایەنێکی سەرەکی فەرامۆش کراوە، کە ئەویش لایەنی پەروەردەیی نەتەوەیی و نیشتمانییە**



دکتۆر ئەحمەد سەفار بۆ گوڵان:

# ئەرکی ئێمە لە بەغدا جیاوازەو دەبێت بە یەکگرتوویی هەوڵی بەدەستهێنانی شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان بدەین

**دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، ئێستا ئەرکێکی سەخت چاوەڕوانی پەرلەمانتارەکانی کوردستان لە بەغدا دەکات، بۆ ئەوەی کار بۆ راستکردنەوەی ئەو نادادپەروەری و ناهەقییانە بکەن کە لە بەغداوە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان کراوە، ئەمانەو چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ د. ئەحمەد سەفار کاندیدی براوە لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

*** لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا پارتی وەکو حزبی یەکەم ژمارەیەکی زۆری دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەمەش پارتی توانی پارێزگاری لە پێگەو پایەی خۆی بکات و خەڵکیش متمانەیان پێکرد؛ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم سەرکەوتنەی پارتی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی متمانەیان بە پارتی هەیە، لەبەر ئەوەی پارتی نوێنەرایەتییەکی راستەقینەی خەڵکی کوردستان دەکات، هەروەها هەمیشە لە سەنگەری بەرگریکردندا بووە لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، دواتر پارتی حزبی شەهیدان و پێشمەرگە و حزبی ریفراندۆمە. هەروەها ئێمە بینیمان کە زۆر کەس و لایەن لە دژی پارتی راوەستانەوە، بەڵام شکستیان خوارد، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پارتی بە تەنیا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورددایە. لەلایەکی دیکەوە کاندیدەکانی پارتیش کەسایەتی خۆیان هەیە و خاوەنی بنکەیەکی باشی جەماوەری بوون و توانییان دەنگێکی زۆر بەدەست بهێنن. بە کورتی هەر پارتێکی سیاسی لە هەڵبژاردنەکان ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو پارتە جێی پەسەندکردنی خەڵکەکەیە و کاری باشی کردووە.

*** ئێوە کۆبوونەوەیەکتان لەگەڵ سەرۆک بارزانی هەبوو، ئایا راسپاردەی جەنابی سەرۆک بۆ ئێوە چی بوو؟**

- سەرەتا بەڕێزیان پیرۆزبایی لە پارتی کرد، بۆ سەرکەوتنەکەی لە هەڵبژاردنەکاندا کە چۆن پارتی بۆتە جێی ئومێدی خەڵك، هەروەها راسپاردەی ئەوە بوو کە ئێمە لە بەغدا وەك نوێنەری راستەقینەی خەڵکی کوردستان هەڵسوکەوت بکەین و یەکدەنگ و یەکڕیز بین و یەکهەڵوێستیی کورد بپارێزین. بە هەمان شێوە وێنەیەکی باشی کورد بدەینە عەرەب و بدەینە دەرەوەش، لە هەمان کاتدا کار بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانمان بکەین و هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتریش بدەین.

**پارتی حزبی شەهیدان و پێشمەرگە و حزبی ریفراندۆمە و هەمیشە لە سەنگەری بەرگریکردندا بووە لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بۆیە خەڵکی متمانەیان پێ داوە**

*** ئێمە دەزانین کە چەندین کێشە لە نێوان کوردستان و بەغدا هەیە، وەك کێشەی بودجە و هەندێ مەسەلەی دیکەی ئابووری، ئێوە وەك کەسێکی شارەزا و تایبەتمەند لە بواری ئابووریدا، ئایا پێتوایە بە چوونتان بۆ بەغدا چۆن دەتوانن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هاوکاریی سیاسییەکان بکەن؟**

- لە راستیدا من هەر لەو کاتەی بوومە کاندید، بەرنامەی خۆم راگەیاند کە پتر بەرنامەیەکی دارایی و ئابوورییە، چونکە باوەڕم وایە لە ئێستادا کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا پتر کێشەیەکی ئابووری و دارایی و دەستوورییە، چونکە مەسەلە سیاسییەکان دەکرێت لە رێی سەرکردە و حزبە سیاسییەکان چارەسەر بکرێن. بەڵام ئەرکی پەرلەمانتاران- کاتێك ئێمە دەچینە بەغدا- زیاتر کارکردنە لەسەر پرسە ئابووری و دارایی و دەستوورییەکان، کاتێکیش دەڵێم دەستووری ئەوا مەبەستم کارکردنە بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم ماددەکانی دەستوور. لەم روانگەیەوە من خۆم سێ خاڵم لە بەرنامەکەی خۆمدا جێگیر کرد، یەکەمیان، پەیوەستە بەو مافانەی خەڵکی کوردستان کە چەند ساڵە لە بەغدا زەوت کراون، کە ئەمانەش مافی دارایی خەڵکی کوردستانە و خێر نییە بەم میللەتە بکرێت، کە بەداخەوە بەسەر پەرلەمانتارەکانی پێشووی ئێمەدا تێپەڕیون، وەك زیادکردنی نەفەقاتی سیادی، کە ئەمە هیچ

**زۆر کەس و لایەن لە دژی پارتی راوەستانەوە، بەڵام شکستیان خوارد، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پارتی بە تەنیا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورددایە**



**هەر پارتێکی سیاسی لە هەڵبژاردنەکان ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو پارتە جێی پەسەندکردنی خەڵکەکەیە و کاری باشی کردووە**

**دەبێت کار بکرێت بۆ ئەوەی هەم لە عێراق و هەم لە کوردستان هەلی کار لە نێو کەرتی تایبەتدا بکرێتەوە بۆ ئەوەی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بێکارو دەربەدەر نەبن و هەوڵی چوونە دەرەوەی وڵات نەدەن**

**پێش ٢٠ ساڵ تورکیا بە عێراقی راگەیاند کە بەنداو دروست دەکات، باشە بۆ عێراق خاوەنی دوو رووبار بوو، بەنداوی دروست نەکرد؟ واتە ئێمە پلانێکی ئابووری نابینین لە عێراقدا کە بڵێین ئەمە پلانێکی گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی عێراقە**

**دەبێت ئابووریی عێراق رێگای بازاڕی ئازاد بۆ خۆی بگرێتەبەر و دەست بداتە چاکسازییەکی ئابووری و دارایی و ئیداری و کار لەسەر پرسی گەندەڵی بکات، کە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە و بەربەستە لەبەردەم چاکسازی و بەرەوپێشبردنی ئابووریی وڵات**

پەیوەندی بە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانەوە نییە، کەچی لەسەر ئێمە حیسابی دەکەن. وەك خەرجییەکانی بەندەرەکان و هێڵەکانی شەمەندەفەر و وەرگرتنی چەند قەرزێکی دەرەکی، کە هیچ پەیوەندییان بەم هەرێمەوە نییە و لەسەر ئەم هەرێمەش حیسابی دەکەن. خاڵی دووەم پەیوەستە بە نرخی نەوتەوە، کە نرخی فرۆشتن و نرخی پلان بۆ دانراو هەیە، کە بودجەکە لەسەر بنەمای نرخە پلان بۆدانراوەکە دادەنرێت، بۆ نموونە لە بودجەی ساڵی ٢٠١٨دا نرخی پلان بۆ دانراوی یەك بەرمیل نەوت ٤٦ دۆلارە- کە لەسەر ئەم بنامەیەش مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکەن-، بەڵام ئێستا لە بازاڕەکاندا نرخی بەرمیلێك ٧٥ بۆ ٧٦ دۆلارە، واتە جیاوازییەکە نزیکەی ٣٠ دۆلارە، پرسیارەکە ئەوەیە جیاوازیی ئەم نرخە چی لێدێت؟ مەسەلەیەکی دیکە پەیوەستە بە حیساباتی بودجەوە کە هەندێ مەسەلەی تەکنیکی و ئیجرائین و دەبێت ئەوانەش هەمووی حیساب بکرێت، وەك شایستەییەکانی بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگە و ئەنفالکراوەکان و زیندانیی سیاسی، کە ئەم چینانە شایستەی ئەوەن قەرەبوو بکرێنەوە. لە پرسێکی دیکەدا من هەوڵ دەدەم کار لەسەر بودجەی راستەقینەی هەرێم بکەم، بۆ نموونە لە مادەی ١١٢ی دەستووردا هاتووە کە دەبێت بودجەی عێراق لە سەر بنەمای دانیشتووان دابەش بکرێت، لە ساڵی ٢٠٠٥ رێککەوتن کرا کە رێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە سەدا ١٧ی دانیشتووانی عێراقە، ئەمەش رێککەوتنێکی تەوافوقی بوو، یان ئەمە رێژەیەکی تەوافوقی بوو، نەك رێژەیەکی راستەقینە، هەروەها نایاساییشە، چونکە پشت نابەستێت بە سەرژمێری دانیشتووان، یان بە ژمارەیەکی فیعلی، ئێستاش عەبادی هاتووە و ئەو رێژەیەی کردووە بە لەسەدا ١٢، کەواتە دەبێت ئەمەش چارەسەر بکرێت و دەبێت بەشە بودجەی راستەقینە بۆ هەرێم بنێردرێت، مادەم ئێمە هاوبەشین و بەشێکین لەم وڵاتە، چونکە ئەگەر وانین، ئەوا بڕیار لە چارەنووسی خۆمان دەدەین و ئەگەر بەشێکیشن لە عێراق، ئەوا دەبێت وەك عێراقییەك مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت. واتە جیاوازی نەکرێت لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق و دەبێت لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوسەنگی و تەوافوق کار بکرێت. لەبەر ئەوە شەڕی ئێمە لەوێ ئەوە دەبێ کە بەشەی بودجەی راستەقینەی هەرێم رەوان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە نەمێنێت و حکومەتی هەرێمیش لە پێگەیەکدا نەبێت کە نەتوانێت پابەندبوونە داراییەکانی خۆی لە ئاست خەڵك جێبەجێ بکات. خاڵی سێیەم، پەیوەستە بە پرسی بێکارییەوە، ئەوە بوو جەنابی سەرۆکی حکومەتیش، کاك نێچیرڤان بارزانی باسی چاکسازیی ئیداری کرد، چونکە ئێمە دەزانین کە حکومەت باری سەرشانی خۆی گران کردووە بەو دامەزراندنانەی کە پێشتر کردنی، دواتر نازانرێت ئەو سیستەمە ئیدارییەی لە کوردستاندا هەیە، سیستەمی ناوەندییە، یان بازاڕی ئازاد، لەبەر ئەوە دەبێت کار بکرێت بۆ ئەوەی هەم لە عێراق و هەم لە کوردستان هەلی کار لە نێو کەرتی تایبەتدا بکرێتەوە بۆ ئەوەی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بێکار نەبن و دەربەدەر نەبن و هەوڵی چوونە دەرەوەی وڵات نەدەن، واتە زیاتر کار لەسەر پرسی وەبەرهێنانی رەخساندنی هەلی کار دەکەم. هیوادارم کە چووینە بەغدا بتوانین بە یەکگرتوویی کار بکەین و ناکۆکییە سیاسییەکانی




کوردستان نەبەینە ئەوێ، چونکە کار و ئەرکی ئێمە لەوێ جیاوازە و دەبێت بە یەکگرتوویی هەوڵی بەدەستهێنانی ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان بدەین.

*** بە شێوەیەکی گشتی تێڕوانینی ئێوە بۆ ئابووریی عێراق چییە؟**

- بەداخەوە ئەوەی هەیە، ئابوورییەکی ڕەیعیە و نەوتەکە دەردەهێنرێت و دەفرۆشرێت و داهاتەکەش لە بوجەی بەکاربردندا (میزانیەی تەشغیلی) بەکار دەهێنن، واتە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدا نییە و بیر لە نەوەکانی داهاتوو نەکراوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت ئەو کارەی لە ئێستادا دەکرێت، مافی نەوەکانی داهاتوویشی تێدا پارێزراو بێت. بەو پێیە ئەمە بەندە بە نرخی نەوتەوە، واتە ئەگەر نرخی نەوت باش بوو لە بازاڕەکاندا، ئەوا عێراق داهاتێکی باش بە دەست دەهێنێت و ئەگەر نرخەکەشی دابەزی، ئەوا دەکەوێتە قەیرانەوە. لەبەر ئەوە دەبێت پێداچوونەوە بەم پرسەدا بکرێت و بە پرسی بودجەی بەکاربردن و تەرکیز لەسەر ڕەخساندنی هەلی کار و وەبەرهێنان بکرێت. بۆ نموونە، یەکێك لەو قەیرانانەی لەم دواییە ڕوویدا، پەیوەست بوو بە کێشەی ئاو لە نێوان عێراق و تورکیا، کە پێش ٢٠ ساڵ تورکیا بە عێراقی ڕاگەیاند کە بەنداو دروست دەکات، باشە بۆ عێراق خاوەنی دوو ڕووبار بوو، بەنداوی دروست نەکرد؟ واتە ئێمە پلانێکی ئابووری نابینین لە عێراقدا کە بڵێین ئەمە پلانێکی گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی عێراقە. لەبەر ئەوە دەبێت ئابووریی عێراق ڕێگای بازاڕی ئازاد بۆ خۆی بگرێتەبەر و دەست بداتە چاکسازییەکی ئابووری و دارایی و ئیداری و کار لەسەر پرسی گەندەڵی بکات، کە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە و بەربەستە لەبەردەم چاکسازی و بەرەوپێشبردنی ئابووریی وڵات. ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردستانەوە، ئەوا ئەم هەرێمەش بەشێکە لە عێراق و بەداخەوە کێشەش لێرە هەیە، ئەگەرچی تا ڕادەیەك باشترە، بۆ نموونە بەداخەوە لێرەش گەندەڵی هەیە، بەڵام کەمترە، هەرچەندە حکومەتیش کاری کردووە بۆ کەمکردنەوەی، هەروەها حکومەتیش دەیتوانی کاری باشتر بکات، ئەگەر گەندەڵی چارەسەر بکرێت و زیاتر چاکسازییەکی ئیداری بگرێتەبەر.



## نیعمەت عەبدوڵا

سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەگەر یەکڕیز نەبین بەغدا حیسابمان بۆ ناکات

## دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمە لەو ناکۆکییانەی خۆمان جگە لە ماڵوێرانی چیمان دەستکەوتووە

**ئاشکرایە لە ماوەی رابردوودا ئومێد و متمانەی خەڵك بە پەرلەمان لاواز بوو، ئەمەش هۆکار و دەرئەنجامی خۆی هەیە، ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیمانەیەکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ نیعمەت عەبدوڵا سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** بە گشتی چۆن لە دۆخی ئێستای عێراق دەڕوانیت؟**

- لە راستیدا دۆخی ئێستای عێراق دۆخێکی ناجێگیرە و تا ئێستا راستەڕێ نەبووە، لە نێو لایەنە سیاسییەکاندا مشتومڕ هەیە و هەر لایەنەش دەیەوێت دۆخەکە بەو ئاراستەیەدا ببات کە خۆی خواستی لەسەرە، کە دەبینین لەم رووەوە هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانێتی دەدەن، ئەگەرچی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکانیش ئاسان نییە. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە لایەنە شیعەکان لە کۆتاییدا یەکدەگرن و فراکسیۆنێکی گەورە پێکدەهێنن، بۆ ئەوەی بتوانن لایەنەکانی دیکە بۆ لای خۆیان رابکێشن و حکومەت پێکبهێنن و پەرلەمانیش بتوانێت دەست بە کارەکانی خۆی بکات.

*** باشە ئەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکوێی ئەم دۆخەدان؟**

- ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بیانەوێت بزانن لەکوێی هاوکێشە سیاسییەکاندان، دەبێت کاری چڕوپڕ و جددی دەست پێبکەن و کۆبوونەوە ئەنجام بدەن و بەرنامەیەکی پتەو دابنێن بۆ ئەوەی وەکو حزب نەچنە بەغدا، بەڵکو وەکو هاوپەیمانێتی کوردستانی بچنە بەغداو نوێنەری راستەقینەی سەرجەم خەڵکی کوردستان بن، بەپێچەوانەوە ئەگەر بە پچڕ پچڕ بچنە بەغدا، لاوازیی کوردستان نیشان دەدرێت و ناتوانن دەستکەوت بۆ خەڵکی کوردستان بەدی بهێنن، ئەگەرچی رەنگە بتوانن دەستکەوتی حزبیشیان دەستکەوێت، وەك هەندێ پۆست و پلە و پایە، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بەرگریکردن لە مافە دەستوورییەکانی کوردستان زەحمەتتر بێت. کەواتە دەبێت لایەنەکان لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن کە چۆن بەشدارییەکی کارا بکەن لە حکومەتی عێراقدا، بەتایبەتی کە ئێستا عێراق بە دۆخێکی هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕێت.

*** هەر لەسەر ئەم هەستکردن بە بەرپرسیارێتییە مێژووییە ئێوە وەکو یەکێتیی پەرلەمانتارانی عێراق رەشنووسی پرۆژەیەکتان بۆ هەموو حزبە کوردستانییەکان ناردووە، گرنگترین میحوەرەکانی ئەو پرۆژە یاسایە چییەو تاچەند ئومێدتان بە حزبە کوردستانییەکان هەیە ئاوڕێك لەم هەموو داواکارییەی خەڵك بدەنەوە؟**

- رەشنووسی پرۆژەی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بەسەر دوو محیوەردا دابەش بووە:

میحوەری یەکەم: چۆن نوێنەرانمان بتوانن لە پەرلەمان و حکومەتی نوێی عێراقدا داکۆکی لەسەر مافە دەستوورییەکانی کوردستان بکەن، بەتایبەتی ئەو ماف و خاڵانەی کە تایبەتە بە ماددەی ١٤٠ ی دەستووری و ماددەکانی دیکەی ٦٥ و ٩٢ و ١٠٥و ١٠٦و ١١٢ و ١١٤ و ١١٥و ١٢١ و ١٣٦ کە تایبەتن بە مافی هەرێمەکان لە رووی دارایی و دیپلۆماسی و بەشداریکردنی حوکم، چونکە ئەگەر بەیەك لیست حزبە کوردستانییەکان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکان بکردایە، دەبووینە خاوەنی ٦٠ کورسیی پەرلەمانی و ئەو کات لیستی کوردستان دەبووە لیستی براوەی یەکەم و بۆ پێکهێنانی حکومەت دەبوایە لیست و لایەنە عێراقییەکان بهاتنایە کوردستان، نەك ئێمە بچینە بەغدا.

بەداخەوە ئەوە نەکرا و ئێستاش هیواداریـن لـە بەغدا ناکۆکییـە سیاسییەکانمان بـەلاوە بنێیـن و کار و ئەرکەکانـی خۆمـان راپەڕێنیـن. هەروەها دەبێت هـەوڵ بدرێت بۆ بەشداریکردن و هاوبەشیکردن لـە بڕیارەکانـی عێراق، دواتر چۆن ئێمە مافمان هەیە، ئاواش ئەرکمان دەکەوێتەسەر شان لەبەرامبەر حکومەتی مەرکەزی کە دەبێت جێبەجێی بکەیـن.

بـە هەمـان شێوە خاڵێکـی دیکـەی گرنـگ هەیـە کـە تایبەتـە بـە کارکردنـی ئاینـدە کـە ئەمـە نوێنەرانـی کـورد لەبەغـدا بـە پەرلەمانتارو وەزیـرو پۆستەکانی دیکەشەوە دەگرێتـەوە، ئەویش کارکردنـە بـۆ دروسـتکردنی پەیوەندییەکـی نـەرم لەگـەڵ لایەنـە عێراقییـەکان و کۆکردنـەوەی رای گشـتی بـۆ پشـتگیریکردنی مافـە رەواکانـی گەلـی کوردسـتان. چونکـە بەداخـەوە تاوەکـو ئێسـتا نوێنەرەکانمـان سـەرەڕای ئـەوەی لەگـەڵ یەکدی ناکـۆك بـوون، ئـەوا هەوڵـی دروسـتکردنی دۆستایەتیشـیان نـەداوە لەگـەڵ لایەنـەکان و کەسایەتییەکان بـۆ ئـەوەی لـە زۆر پـرۆژە و لـە دەرکردنـی هەنـدێ یاسـا پشـتیگیریان لێبکرێـت.

میحـوەری دووەم: داواکارییـە بـۆ بەسـتنی کۆبوونـەوەی لوتکـەی پارتـە سیاسـییەکان بـۆ کردنـەوەی لاپەڕەیەکـی نـوێ و داڕشـتنی بەرنامەیەکـی تۆکمـەو یەکگرتـوو کـە لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندیـی بـاڵای نەتەوەیـی و نیشـتمانی بێـت. بۆ ئـەوەی کاتێـك نوێنەرەکانمـان چوونـە بەغـدا بتوانـن ناکۆکییـەکان وەلا بنێـن و بـە گوێـرەی ئـەو بەرنامەیـە کاری خۆیـان ئەنجام بـدەن، نـەك بـە پێـی بەرنامەیەکـی بەرتەسـکی حزبـی. ئەمـەش پێویسـتی بـە دەستپێشـخەری هەیـە لەلایـەن لایـەن و کەسایەتییەکانەوە، چونکـە سـەردانیکردنی یەکتـری سـوودێکی ئەوتـۆی نییـە و ئـەم ئەزموونـە تێپـەڕی. کەواتـە دەبێـت کۆبوونەوەیەکـی گشـتی بکرێـت و ئەگـەر هـەر نەشـکرا، ئـەوا لانیکـەم دەبێـت ئـەو پارتانـەی نوێنەرایەتییـان هەیـە لـە پەرلەمانـی عێـراق ئـەم کارە بکـەن، کەواتـە دەبێـت دەستپێشـخەرییەك هەبێـت لـەم رووەوە بـۆ ئـەوەی متمانـە دروسـت ببێتـەوە. خاڵێکی دیکـە دروسـتکردنی تیمێکـە لـە کەسـانی شـارەزای بـواری یاسـای دەسـتووری و لـە بـواری سیاسـی و دیپلۆماسـی وەك تیمێکـی پشـتگیریکردن لـە نوێنەرانـی کـورد لـە بەغـدا- چ لـە حکومـەت و چ لـە پەرلەماندا بـن- کار بکـەن.

خاڵێکـی دیکـەی پەیوەسـتە بـەوەی کـە پۆسـتی سـەرۆك و جێگـر و بڕیـاردەری هاوپەیمانێتییەکـە بـە شـێوەی دەوری بێـت، بـۆ نموونـە هـەر شـەش مانـگ، یـان سـاڵێك- واتـە بـە پێـی رێککەوتـن- بـۆ لایەنێـك بێـت، ئەمـە بـە چاوپۆشـین لـە ژمـارەی کورسـی لایەنـەکان. لەهەمووشـی گرنگتـر پابەندبوونـی هەمـوو ئـەو حزبانەیـە کـە لەنـاو هاوپەیمانێتـی کوردسـتانیدا کۆبوونـەوەو هێڵـی سـووری بەرژەوەندیـی بـاڵای کوردسـتان نەبەزێنـن، بـۆ ئەمـەش حزبـەکان و نوێنەرەکانیـان لەبەغـدا دەبێـت سـەنگ و شـکۆی کوردسـتان وەکـو بیلبیلـەی چاویـان بپارێـزن و خاوەندارێتـی لـێ بکەیـن.

*** بـەڵام لـە ئێسـتادا هەسـت ناکەیـت ناکۆکییـەکان ئەوەنـدە قـووڵ بوونەتـەوە کـە حیساب بـۆ پرسـە نیشـتمانی و نەتەوەییەکانیـش ناکرێـت؟**

- لـە راسـتیدا ئـەم حاڵەتـە بوونـی هەیـە و حاڵەتێکـی زۆر خـراپ و بگـرە کارەساتباریشـە. دواتـر کاتێـك ئێمـە باسـی ئـەوە دەکەیـن کـە ناکۆکییـەکان ئێـرە نەبەینـە بەغـدا، ئـەوا ئەمـە بـە مانـای ئـەوە نییـە کـە ناکۆکییەکانـی ئێرەش چارەسـەر نەکەیـن و تەنانـەت دەبێـت لایەنـە سیاسـییەکانی دیکـەش فەرامـۆش نەکرێـن، بـۆ ئـەوەی هەسـت نەکـەن کـە پشـتگوێ خـراون. کەواتـە دەبێـت سـەرجەم لایەنـەکان بـە لەخۆبوردووییـەوە بـەدەم ئـەم یەکڕیزییـەوە بێـن و هـەر لایەنێـك ئەرکـی سەرشـانی خـۆی جێبەجـێ بـکات، بـۆ نموونـە پێویسـتە بـوار نەدرێـت کارێـك بکرێـت بـە چەشـنی ئـەوەی بچێـت لـە پەرلەمانـی عێـراق دەنگـی پێشـمەرگە هەڵبوەشـێنێتەوە، خـۆ دەبـوو بـەلای کەمـەوە حیسـابی سـوپای عێـراق و حەشـدی شـەعبییان بـۆ بکرایـە، کەواتـە دەبینیـن لـەو ململانـێ تـووڕە و تونـدەی لـە کوردسـتاندا هەیـە میللـەت زیانبەخـش دەبێـت و بگـرە خـودی ئـەو لایەنانـەش زیـان دەکـەن کـە ئـەم کارە دەکـەن. هەروەهـا دەبێـت یەکڕیزییـش بنەمـای خـۆی هەبێـت، واتـە هـەر تەنیـا بـە بانگهێشـت وبانگەشـە نابێـت، بەڵکـو دەبێـت لەسـەر بنەمـای هاوبەشـیکردن لـە دەسـەڵات و جیاکردنـەوەی حـزب و حکومـەت و جیاکردنـەوەی سیاسـەت لـە

**ئەگەرچی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکانیش ئاسان نییە. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە لایەنە شیعەکان لە کۆتاییدا یەکدەگرن و فراکسیۆنێکی گەورە پێکدەهێنن، بۆ ئەوەی بتوانن لایەنەکانی دیکە بۆ لای خۆیان رابکێشن و حکومەت پێکبهێنن**

**ئەگەر بەیەک لیست حزبە کوردستانییەکان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکان بکردایە، دەبووینە خاوەنی ٦٠ کورسیی پەرلەمانی و ئەو کات لیستی کوردستان دەبووە لیستی براوەی یەکەم و بۆ پێکهێنانی حکومەت دەبوایە لیست و لایەنە عێراقییەکان بهاتنایە کوردستان، نەک ئێمە بچینە بەغدا**

**تاوەکو ئێستا نوێنەرەکانمان سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ یەکدی ناکۆک بوون، ئەوا هەوڵی دروستکردنی دۆستایەتیشیان نەداوە لەگەڵ لایەنەکان و کەسایەتییەکان بۆ ئەوەی لە زۆر پرۆژە و لە دەرکردنی هەندێ یاسا پشتیگیریان لێبکرێت**

بازرگانی بێت. هەر دەبێت ئەو یەکڕیزییەش دروست بێت، چونکە ئەگەر دروست نەبێت و شکۆی هەرێمی کوردستان نەگەڕێتەوە، ئەوا لە بەغدا حیسابمان بۆ ناکەن.

*** هەروەك ئاشکرایە لەئێستادا ئومێد و متمانەی خەڵك بە پەرلەمان لاواز بووە، تەنانەت ئەوەی لە پەرلەماندا روویدا ناکۆکییە سیاسییەکانی قووڵتر کردەوە و بگرە ئاشتیی کۆمەڵایەتیشی خستە مەترسییەوە، ئایا خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم مەسەلەیە چییە؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا و ئەم مەسەلەیەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەکەمیان پەیوەستە بەو کەسانەی هاتوونەتە پەرلەمان، واتە حزبەکان چۆن خەڵکیان ناردۆتە پەرلەمان و چ خەڵکێکیان ناردووە، چونکە راستە پەرلەمانتار نوێنەری حزبێکە، بەڵام کە هاتە نێو پەرلەمان ئەوا نوێنەرایەتیی سەرجەم میللەت دەکات. واتە دەبێت لە پەرلەماندا پرۆژەی خزمەتگوزاریمان هەبێت و لە پێناوی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا باس لە کێشەکان بکەین و پرۆژەی پەروەردەییمان هەبێت و پەیوەندیی دیپلۆماسیی باشمان لەگەڵ بەغدا و دراوسێکاندا هەبێت و بایەخ بە بازرگانی و بواری ئابووری بدرێت، نەك تەنیا ملی سیاسەت بگیرێت. پاشان نابێت پەرلەمانتار وەك راگەیاندنکار هەڵسوکەوت بکات، باشە چۆن دەبێت بەردەوام لەسەر کەناڵەکانی راگەیاندن قسە بکات، چونکە کاری پەرلەمانتار ئەوەیە لە لیژنەکانی پەرلەمان بێت و لە نووسینگەی خۆی پێشوازی لە خەڵك بکات و چاودێریی حکومەت بکات، نەك بێت و لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەرگرییەکی کوێرانە لە حزبەکەی بکات، بەو شێوەیە خەڵك پەرلەمانیشی لەبەرچاو کەوتووە. لەبەر ئەوە دەبێت کەسانی هێمن و عاقڵمەند و دڵسۆز بۆ ئەو شوێنانە دەستنیشان بکرێن و بتوانن کارێك بکەن کە شکۆی پەرلەمان بگەڕێتەوە و خەڵکی متمانەی پێ بکاتەوە. چونکە ئێستا دۆخێك دروست بووە کە خەڵك وا دەزانێت کەس لە بەرژەوەندیی میللەت کار ناکات، لەبەر ئەوە دەبێت بە کردار پیشانی خەڵك بدرێت کە کار بۆ بەرژەوەندییان دەکرێت و هەمووان دەبێت لەم رووەوە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن، چونکە کەللەڕەقی و یەکتر نەخوێندنەوە، ئەم میللەتە بەرەوماڵوێرانی و کارەسات دەبات و دەبێت عیبرەت وەربگرین و بیرێك لەوە بکەینەوە کە ئێمە لەو ناکۆکییانەی خۆمان جگە لە ماڵوێرانی چیمان دەستکەوتووە.

*** باشە ئێوە وەك یەکێتیی پەرلەمانتاران چ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ ئەوەی هاوکار بن لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا، بە تایبەتی کە ئێمە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نزیك دەبینەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر جوانە و زۆر گرنگیشە، واتە چۆن ئێمە بتوانین جارێکی دیکە ئەم پەرلەمانە کارا بکەینەوە؟ واتە چۆن ئەم هەڵبژاردنە بکرێت و چۆن بانگەشە بکرێت و کێ بچێتە پەرلەمان و چی بکرێت لە پەرلەمان؟ ئێمە بۆ هەر خولێك پرۆژەمان هەیە، لەم رووە و ئێستاش ئێمە سەرقاڵی ئەوەین کە ئەو پرۆژەیە زیندوو بکەینەوە بۆ ئەوەی هەماهەنگی بکەین لەم رووەوە. دواتر ئێمە دەزانین ئەو کەسانەی دەچنە پەرلەمان، حزب بڕیاریان لەسەر دەدات، کەواتە بەرپرسیارێتی یەکەم لە ئەستۆی حزبەکانە. بە گشتی دەبێت ئەم سیستمە وەلابنرێت و سیستمێك بێت بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی خەڵك بێت، نەك پەرلەمانتاری تەنیا پەیوەست بکرێتەوە بە ئیمتیازاتەوە. ئێمە نەك بۆ ئەم مەسەلەیە، بەڵکو بۆ کێشە و قەیرانەکانی دیکەش پرۆژەمان هەبووە و بگرە بە سەدان لاپەڕە پرۆژە و پێشنیارمان پێشکەش کردووە، بەڵام ئەوان نەهاتوون بانگی ئێمە بکەن و گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکانی ئێمە بکەن. بۆ نموونە لەو ماوەیە ئێمە پرۆژەی ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانیمان پێشکەش کرد و سەردانی لایەنە سیاسییەکانیشمان کرد و داوامان کرد با لایەنە سیاسییەکان ئەنجومەنێك دابنێن- کە لە سەرجەم حزبەکان پێکهاتبێت- لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، هەموو حزبەکان بە پێشنیارێکی باشیان زانی، چونکە ئەگەر ئەو ئەنجومەنە هەبێت و نوێنەری هەموو حزبەکانی تێدا بێت، دەتوانێت چەندین کێشە چارەسەر بکات، بەڵام تا ئێستا ئەم پرۆژەیەش وەك خۆی ماوەتەوە و حزبەکان بەتایبەتی حزبە سەرەکییەکان هەنگاوی عەمەلییان بۆ هەڵنەگرتووە.

**پێویستە بوار نەدرێت کارێک بکرێت بە چەشنی ئەوەی بچێت لە پەرلەمانی عێراق دەنگی پێشمەرگە هەڵبوەشێنێتەوە، خۆ دەبوو بەلای کەمەوە حیسابی سوپای عێراق و حەشدی شەعبییان بۆ بکرایە، کەواتە دەبینین لەو ململانێ تووڕە و توندەی لە کوردستاندا هەیە میللەت زیانبەخش دەبێت**

**کاری پەرلەمانتار ئەوەیە لە لیژنەکانی پەرلەمان بێت و لە نووسینگەی خۆی پێشوازی لە خەڵک بکات و چاودێریی حکومەت بکات، نەک بێت و لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەرگرییەکی کوێرانە لە حزبەکەی بکات، بەو شێوەیە خەڵک پەرلەمانیشی لەبەرچاو کەوتووە**

**دەبێت لە پەرلەماندا پرۆژەی خزمەتگوزاریمان هەبێت و لە پێناوی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا باس لە کێشەکان بکەین و پرۆژەی پەروەردەییمان هەبێت و پەیوەندیی دیپلۆماسیی باشمان لەگەڵ بەغدا و دراوسێکاندا هەبێت**

# پارەی پلاستیک
# لە بری پارەی کاغەز



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

ئێستا زۆرێك لە وڵاتان کەوتوونەتە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی مادده پلاستیکییەکان و کیسەی نایلۆن، بۆ نموونە فەرەنسا و ئێرلەندا و هەندێك لە ویلایەتەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەفریقی وەك ئۆگەندا و کینیا، لە ئاسیاش وڵاتی بەنگلادیش، بڕیاری ڕاگرتن و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەم نایلۆنانەیان داوە، باجیان خستۆتە سەر کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئەم کیسە نایلۆنانە.

سەبارەت بە مادده پلاستییەکانیش کە زۆرێك لە شتومەکەکانی ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤی لێ دروست دەکرێت، زۆرێك لە وڵاتان لە ڕێگەی ریسایکلێنگەوە، یان دووبارە بەکارهێنانەوە، یان کەمکردنەوەی بەکارهێنانیەوە، یان شیکردنەوەی بۆ پێداویستیی دیکە، خەریکی کۆنترۆڵکردنی تەشەنەکردنی بەکارهێنانی ئەو ماددانەن.

بۆ زانیاری ش وەك نموونە:

یەکەم : لە ئەمریکادا نزیکەی (١,١) ملیۆن کرێکار لە بواری بەرهەمهێنانی مادده پلاستیکییەکاندا کار دەکەن.

دووەم: قازانجی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە بەرهەمهێنانی مادده پلاستیکییەکاندا، نزیکەی (١) تریلیۆن دۆلارە.

سێیەم: تێچووی لابردنی مادده پلاستیکییەکان تەنیا لە کەنار ئاوەکانی ڕۆژئاوای ئەمریکا ساڵانە نزیکەی (٥٢٠) ملیۆن دۆلارە.

چوارەم: لەساڵی (٢٠٠٧)دا ئەمریکییەکان زیاتر لە (٥٠)بلیۆن دەبەی بچووکی ئاویان خواردۆتەوە، نزیکەی (٣٨) ملیاری لێ فڕێدراوەتە نێو زبڵخانەکان و تەنیا لە(٢٣٪)ی ریسایکل کراوەتەوە.

پێنجەم: وا چاوەڕوان دەکرێت قەبارەی مادده پلاستیکییە بەرهەمهاتووەکان لە ساڵی (٢٠٥٠) دا بگاتە (٣٣) بلیۆن تۆن، کە ئەمەش یەکسانە بە پڕکردنی (٢,٧٥) بلیۆن لۆری هەڵگرتنەوەی خاشاك، هەر ئەم بڕەش لە زبڵ و خاشاك لە توانایدایە کە چەندین جار گۆی




زەوی دابپۆشێت.

با بزانین جێگرەوەکان و چارەسەرە پێشنیارکراوەکان لای وڵاتانی پێشکەوتوو چین؟

یەکەم: هەرێمی (مانیتۆبا)ی (کەنەدا) بڕیارێکی پەسەند کردووە بۆ قەدەغەکردنی کڕینی دەبەی ئاوی بچووکتر لە قەبارەی (١) لیتر.

دووەم: شارۆچکەی (کۆنکۆرد) لە ویلایەتی (ماساچوتس)ی ئەمریکا، لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٣)وە فرۆشتنی دەبەی بچووکی ئاوی قەدەغە کردووە.

سێیەم: دروستکردنی پارە لە ماددەی پلاستیك: بەپێی هەواڵێکی (لۆس ئەنجیلۆس تایمز) لە (٢٠)ی دێسەمبەری (٢٠١٣)وە، بانکی ناوەندیی ئینگلتەرا لە هەوڵی ئەوەدایە کە پارەکانی لە کاغەزەوە بگۆڕێت بۆ پلاستیك هەر وەك ئەوەی کە لە کەنەداو ئوسترالیادا دەکرێت.

واش چاوەڕان دەکرێت لە سەرەتادا دراوی (٥) پاوەندی دەربچوێندرێت و وێنەی (وینستۆن چەرچڵ)یشی لەسەر بێت.

شایانی باسە کە دراوی پلاستیکی نادڕێت، ئاویش کاری تێناکات، تەمەنیشی لە تەمەنی دراوی کاغەز زیاتر دەبێت، دەوڵەتیش کەمتر دراو چاپ دەکاتەوە، لە بری دراوی کاغەزی دڕاو، هەروەها پیس نابێت بە چڵك و ڕۆن و تێچووی چاپکردنیشی کەمترە، بەئاسانیش تەزویر ناکرێت.

بۆیە نزیکەی (٢٢) دەوڵەت لە ساڵی (١٩٩٢)وە پارەیان لە ماددەی پلاستیکی (پۆلیمەر) چاپ کردووە، لەوانەش ئوسترالیا و بەڕازیل و چیلی و چین و ئەندۆنیسیا و مالیزیا و مەکسیك و سەنگافورەو کەنەدا و زۆری دیکە.

ئەوەی شایانی باسە لەم پڕۆژەیەدا ئەوەیە کە پێویستە ئامێری نوێ بۆ ژماردنی پارەی دروستکراو لە پلاستیك دروست بکرێت، چونکە ئامێرەکانی ژماردنی پارە لە ئێستا بۆ پارەی لەکاغەز دروستکراو داهێنراون.